# هەڵبژاردن وەك دیاردەیەكی شێوازی  لە كێش و سەروای شیعریی ئەحمەد هەردیدا

**ID No. 375**

(PP 312 - 332)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.18

**نەوزاد وەقاص**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

nawzad.saeed@su.edu.krd

**لەنجە كریم فتاح**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

Lanjakareem1990@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2022/06/21**

**پەسندكردن : 2022/08/11**

**بڵاوكردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

لەبەرئەوەی شاعیرانی نوێ ئاستی ڕۆشنبیریيان بەرزەو لەناو واقیعی كۆمەڵگاكەی خۆياندا ژیاون ئاگاداری هەموو ئەو گۆڕانكاری و كاریگەرییانە بوون، كەبەسەر جیهانی ئەدەبیاتدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دا هاتووە، بۆیە شاعیران بەگشتی و هەردی بەتایبەتی، وەكو پرۆسەیەكی نوێ لەزمانی شیعردا گرینگیان بە بواری هەڵبژاردن داوە، ئەمەش چێژێكی زیاتر بە خوێنەر دەگەیەنێت، كە خۆی لە هەڵبژاردنی كەرستە زمانییەكانی دەنگ و وشتەو دەستەواژەو ڕستەشدا دەبینێتەوە، جیا لە هەڵبژاردنی بابەت و ناوەڕۆك و وێنەو..هتد، هەردیش وەك شاعیرێكی لێهاتوو توانیویەتی لەبابەتی دڵداری و گرتنەبەری ڕێچكەی قوتابخانەی ڕۆمانسی كوردی ئەسپی خۆی تاوبدات و وەستایانە پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدات، كە وەكو كەسێكی بە ئەزموون بە مەبەست و ئامانجەوە بەرهەمەكانی خستۆتە بەردەم خوێنەران، كە تاوەكو سەردەمی ئەمرۆش شیعرەكانی بە زیندوویی ماونەتەوە، تەنانەت زۆربەی شیعرەكانی كراون بە گۆرانی، چونكە دەستێكی هونەرمەندانەی هەبووە لە هەڵبژاردنی ڕیتمی ناوەوەو دەرەوەدا.

**كلیلی وشەكان:** هەڵبژاردن، شێواز، زمانی شیعر، كێش و سەروا، ڕیتمی شیعری.

## 1-پێشەكی :

هەڵبژاردن بە ڕەگەزێكی سەرەكی دادەنرێت لە شێواز، چونكە ئەو دیاردە گرینگەیە، كە دەبێ هەموو نووسەرێك پەیڕەوی بكات، ئەم پرۆسەیەش لە شیعرەكانی هەردی دا جێ ی خۆی كردۆتەوەو، ئەگەر سەرنج بدرێتە شیعرەكانی دەردەكەوێت، كە زۆرینەی شیعرەكانی لیریكن و لە وشەی كوردی ڕەسەن پێكدێن، چونكە بە هەڵبژاردنی جوانترین ئەو وشانەی كە هەست و سۆزی دەروون و نا ئومێدی و تەنیایی بەرهەمەكانی خستۆتە ڕوو، كە وشەكانی لە فەرهەنگی نەتەوەكەی دا هەڵبژاردووە، شاعیرێكی هەست ناسك و نوێ خوازی گەلەكەمانە، هەندێ جاریش لە شیعرەكانی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی بەرچاو دەكەوێت، چونكە شاعیرێكی نیشتیمان پەروەر بووەو هەوڵی ئەوەی داوە كۆمەڵگای كوردی هۆشیار بكاتەوە، بۆ یەكڕیزی و ڕزگاربوونیان لە نەخوێندەواری و كۆمەڵێك داب و نەریتی سواوی نێو كۆمەڵگا، منیش بە پێویستم زانی گەشتێك بەناو باخچە شیعریەكەی شاعیردا بكەم و هەڵبژاردنی زمانە شیعریەكەی لەڕووی كێش و سەرواوە بخەمەڕوو لەژێر ڕۆشنایی زانستی شێوازناسی یەوە.

سنووری توێژینەوەكە: سنووری لێكۆڵینەوەكە لێكۆڵینەوەیە لە هەڵبژاردنی زمانی شیعری لەڕووی كێش و سەرواوە لە شیعرەكانی هەردی دا، كە لە نامیلكەیەكدا بڵاوی كردۆتەوە، میتۆدی توێژینەوەكە: لە لێكۆڵینەوەكەدا میتۆدی وەسفی شیكاری پەیڕەوكراوە.

ناوەڕۆكی توێژینەوەكە: ناوەڕۆكی ئەم لێكۆڵینەوەیە پێكهاتووە لە باسكردنی چەمك و پێناسەی شێواز و جۆرەكانی شێواز و هۆكارەكانی دروستبوونی شێوازی جیاواز، دواتر باس لە هەڵبژاردن وەك دیاردەیەكی شێوازی و، ڕۆڵی هەڵبژاردن لە بنیادنانی شێوازی جیاواز لەلای ئەحمەد هەردی كراوە، دواتریش باسی هەڵبژاردنی كێش و سەروا لای هەردی خراوەتەڕوو.

## 2-   چەمك و پێناسەی شێواز

شێواز دەكرێ بوترێ ئەو ڕێ یەیە كە كەسێكی جیاواز بۆ جێبەجێكردنی كارێكی جیاواز پێیدا تێپەر دەبێت، یاخود دەكرێ بڵێین ئەو ڕێگایەیە كە مرۆڤ دەتوانێت كارو كردەوەكانی خۆی تێدا بخاتە ڕوو، كەسێكیش كە ڕێگەو بەرنامە بۆ قسەو كردەوەكانی دابنێ و ئەوا بێگومان ئەو كەسە شێوازێكی باشی بۆخۆی گرتۆتە بەر، هەروەها شێواز بابەتێكی نوێیە كە لەماوەی سەدەی ڕابردوودا چەندەها لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی لەبارەوە كراوە، (زاراوەی شێواز لە زمانی ئینگلیزی دا پێ ی دەڵێن (Style)، بەواتای ئەو

ڕێگایە دێت، کە بۆ دەربڕین و گوزارشت کردن پەیڕەوی لێدەکرێت، ئەم وشەیەش لێکەوتەی وشەی (Stilus) ی سەردەمی یۆنانیەکانە، کە لەکاتی خۆی دا وشەی (Stilus) بەواتای کونکەر بەکارهاتووە، کە ئامێرێکی تیژکراو بووەو بۆ هەڵکۆڵین بەکارهاتووە، بەم ئامێرە نووسین لەسەر خشت و تەنەکانی تر کراوە، واتا شێواز بەو نووسینە دەوترا کە هەڵکۆڵرابێت) (ئەحمەد، 2009، ل13).

سەبارەت بە چەمکی شێواز، شێواز لە فەرهەنگی ژێر (عەرەبی، کوردی) بە (اسلوب، شێوە، چۆنیەتی) هاتووە (کریم، 2015، ل19). لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەشدا بە واتای (تەرح، شکل، ڕاهاتن) هاتووە (موکریانی، 1391هـ، ل205). کە لێرەدا بەمانای ڕووخسارو یەك شێوە ڕاهاتن دێت. لە فەرهەنگی فوئاد (ئینگلیزی- کوردی) بەواتای (ڕەوشت، شێوە، ناونان، باو، Style) هاتووە (بکر، 2005، ل476). لێرەشدا بەواتای ئەو هەڵسوکەوتە باوەی کە شێوازی کەسەکەی پێ دەناسرێتەوە دێت. لە فەرهەنگی (ئەدەبیات فارسی) شدا بە مانای (سبك، ڕێگا، یا شێوەی تایبەتی کۆمەڵە ئەدەبێکی هاوبەشە لە شاعیران یان نووسەران بۆ دەربڕینی داواکاری و بیری خۆیان بەکاری دێنن) (شریف، 1391هـ، ل778). لێرەشدا ئەم بۆچوونە تایبەتە بەو نووسەرانەی کە بۆ گەیاندنی بیرو مەبەستەکانیان ڕێگای تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن.

لە فەرهەنگی (مەهاباد) دا بەواتای (شێواز، ئەدەب، ڕێزو شکۆداری، پەروەردەکردن) دێت (موکریانی، 2002، ل476). وەك ئاشکرایە شێواز لێرەدا بۆ پێوانەی هەڵسوکەوت و ئەدەبی کەسەکان وەسف دەکرێت. لە فەرهەنگی (گۆڤەند، زنار) بەواتای (سبك، شێوازی نووسین، فاڵبازی، کانزای تواوە، لەقاڵب کردن، قاڵب ڕێژی) هاتووە (عارف، 2006، ل633). بەو واتایەی کە شێوازی نووسینەکە لە قالب بدرێت.

لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵەی کە چەمکی شێواز فرەواتایەو ناتوانرێت تەنیا بەیەك شت ببەسترێتەوە. (سنووربەندکردنی شێواز لە چەند پێناسەیەکدا کەمکردنەوەی بەهای زانستی شێوازە) (صالح، 2019، ل4). چونکە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە تەنانەت کەل و پەل و جلوبەرگیش، بۆیە ناساندنی شێواز لە هەربوارێك کە بخرێتە ڕوو لەگەڵ بوارەکەی تردا جیاوازی تێدەکەوێت، وە پێش سەربەخۆبوونی بابەتی شێواز وەکو زانستێك بۆ سەردەمی یۆنانیەکان دەگەڕێتەوە کە وەکو هەربابەتێکی تر ئاماژەیان پێداوەو لە زانستی ڕەوانبێژیەوە بۆی چوون بەوەی کە بریتی یە لە هونەری قەناعەت پێهێنان بە گوێگر. دوابەدوای ئەوە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران پێناسەو بۆچوونی جیا جیایان خستۆتەڕوو لەبارەی شێوازەوە هەندێ لە ڕەخنەگرو لێکۆڵەران بابەتی شێواز پەیوەست دەکەن بە ڕەخنەی ئەدەبی یەوە هەندێکی تر لە پێناسەکانی شێواز جەخت لەسەر هەرسێ جەمسەرەکەی ئەدەب دەکەنەوە، کە بریتی یە لە (نووسەر، دەق، خوێنەر) هەندێ پێناسەش جەخت لەسەر جەمسەرێك لە جەمسەرەکانی دەق دەکەنەوە، ئەگەرچی هەندێ لە لێکۆڵەران پەیوەستی دەکەن بە زمانەوە بۆ نموونە: (دالاس) باس لە زمانی دەق دەکات بەوەی (شێواز بە پرۆگرامێکی زمانەوانی لەقەڵەم دەدات) (نحوی، 1999، ل185) واتا دەق بەزمانی دەبەستێتەوە، هەروەها (سبیتزر) جەخت لەسەر خودی دەق دەکاتەوەو دەڵێت: (شێواز کارکردنی پراکتیکی یە لەسەر پێکهاتەی دەق لەڕووی زمانەوە) (فضل، 1998، ل69).

### 3- شێوازناسی

شێوازناسی وەکو لە خودی زاراوەکەوە دەردەکەوێت کە مەبەست لێ ی ناسینی یان ناساندنی شێوازە. یاخود (لێکۆڵینەوەیە لە چەمکی شێواز) (نحوی، 1999، ل311). لەدوای هاتنەکایەی بەرهەمی هەر ئەدیبێك ئینجا شێوازناسی شێوازی نووسەرەکەو هەروەها شێوازی نەتەوەکەو سەردەمەکە دەناسێنێت، بۆیە دەکرێ بوترێ شێوازناسی زانستێکە، کە بەرهەمی ئەدەبی لە ڕووی بنیادنانی دەق و شێوازی دەق لە ڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە شی دەکاتەوە، بۆیە هەر لەسەرتاوە لەگەڵ هەرداهێنانێکی ئەدەبی دا ئەو بەرهەمە ئەدەبییە ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بووبێت تێکەڵ بە زانستی فەلسەفەو زانستە زمانەوانیەکان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دا بووە، هەروەك زۆربەی لێکۆڵەرانیش وای بۆ دەچن کە شێوازناسی (لەدایك بووی ڕەوانبێژی یە) (المسدی، 1993، ل52). چونکە (ڕەوانبێژی ڕووێکی شێواز بووە هەر لەسەردەمی ئەرستۆوە تاوەکو سەردەمی نوێش، بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەکان) (رشید، 2012، ل72). واتا لەبنیادی دەقەکەدا هەر بەکارهێنانێکی وشەو دەستەواژەکان بەشێوەیەکی خوازەیی یان ڕێزمانی یان یاریکردن بە وشە بنیاد دەنرێت و شێوازی جیاوازی لێ دروست دەبێت، لەهەمان کاتدا دەبێت ئەم بەکارهێنانەی زمانە لەگەڵ ئاستی ناوەڕۆکی بابەتەکەدا خۆی بگونجێنێت.

بێگومان شێوازناسی پشت بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای زانستی تایبەت بەخۆی دەبەستێت بۆ شیکردنەوەو خستنەڕووی هەر دەقێکی ئەدەبی، هەروەکو ئەحمەد دەرویش دەڵێت: (شێوازناسی هەڵدەستێت بە گەیاندنی وەسف و هەڵسەنگاندنی زانستی دیاریکراو لە ئیستاتیکای دەربڕین لە بواری توێژینەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکان بەشێوەیەکی تایبەت) (درویش، ؟، ل20). وەك لێرەدا ڕوونەدەبێتەوە کە زۆربەی توێژەران شێوازناسی دەبەستنەوە بەزانستی زمانەوانییەوە، کە (وەك چەمك لە لایەن ئەوڕووپیەکانەوە بۆ هزری ئەدەبی بەکارهاتووە پەیوەندی بەڕەخنەوە هەبووە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی چاك و خراپ) (ڕشید، 2012، ل72).

بەجۆرێك کە پێیان وایە شێوازناسی وەك ئاوێتەیەکی نێوان بواری زمانەوانی و بواری ڕەخنەی ئەدەبی یە، کە توێژینەوە لەبارەی دەق دەکات بە هەموو دیاردە سادەو ئاڵۆزەکانیەوە لە ڕووی هونەری و زانستی یەوە دەخرێتە ڕوو.

بۆیە (بەم شێوەیە شێوازناسی بەلایەنی هونەری و ئیستاتیکی پەیوەستکرا، تا ئێستاش هەموو پێناسەکان ئاماژە بەو لایەنە دەکەن، هەرچەندە هەندێکیان بڕوایان بە گشتگیری مەیدانی شێوازناسی هەیەو دەکرێت ئەو دەقانەش بگرێتەوە کە خاوەن مۆرکێکی ئەدەبی و هونەری نین، هەروەها ئەوەش ڕوونە کە شێوازناسی دانابڕێت لەلایەنی ئیستاتیکی دەقەکان، بەجۆرێك گرینگی پێدانی یەکەمی ئەو بریتی یە لەو دەقە ئەدەبییە هونەرییانەی خاوەن مۆرکێکی ئیستاتیکین) (بودوخە، 2021، ل20). کەواتە دەکرێ بوترێ شێوازناسی ناسینی ئەو شێوازەیە کە نووسەر پەیڕەوی کردووە لەو ڕێگەیەی بەکاری دێنێ و پەیام و مەبەستی خۆی تێدا دەخاتەڕوو (شێوازناسی لە ئێستادا وەك بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خاوەنی سروشتی زانستیانەی خۆیەتی لە بواری لێکۆڵینەوەدا، ڕێبازی کارکردنی تایبەت بەخۆی هەیە پشت بە کۆمەڵێك بنەمای زانستی و بواری جیا جیا دەبەستێت بۆ ئەوەی شێوازی هەردەقێکمان بۆ بخاتە ڕوو) (مەلازادە، 2019، ل27).

**4- جۆرەکانی شێوازناسی**

**1-4- شێوازی تاکە کەسی**

جۆرێکی شێوازناسی یە، کە لە ڕەوتی شێوازگەری هەر سەردەمێك شێوازی تاکەکەسیش بەدی دەکرێت، چونکە هەر دەقێك کە لێکدەدرێتەوە ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نووسەری بەسەرەوە ڕوونە، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا پێشکەش کراون ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ قۆناغ و سەردەمانێکی تر ئەوا بێ شك جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت لەڕووی زمان و هزری ئەدەبی سەردەمەکان، هەر بۆیەشە دەبینین کە هەر نووسەرێك شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بە شێوازی تاکەکەسی ناودەبرێت. (جیاوازییەکی مێژووی ئەدەب لەگەڵ شێوازناسی ئەوەیە، لە مێژووی ئەدەبدا باسی هەموو ئەو کەسانە دەکرێت، کە کەم یان زۆر دەستی شیعر نووسینیان هەبووە، بەڵام لە شێوازناسی دا تەنیا باسی ئەو کەسانە دەکرێت، کە بەهۆی شێوازی تایبەتیان لەهەموو سەردەمێکدا بەرهەمەکانیان پلەو پایەی خۆی لەدەست نەداوە واتا خاوەن شێوازی نەمر و بەرزن) (شمیسا، 1378 هـ، ل74-76). بۆیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شێوازی تاکەکەسی پەیوەستە بە بیروو بۆچوونەکانی خودی تاکەکەسێکەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەرگیز شێوازی نووسەرێك وەکو هی نووسەرێکی تر نابێت چونکە هەر نووسەرێك خاسیەت و تایبەت مەندی و بیرکردنەوەی خۆی هەیە، کە لە ئەنجام دا شێوازی تاکە کەسی لێوە دەخولقێت. (لە شێوازناسی دا دەقی ئەدەبی ئەو کاتە بەها و گرینگی خۆی هەیە کە مۆرکی شێوازی تاکەکەسی پێوە دیاربێت) (مەلازادە، 2019، ل48).

**2-4- شێوازی سەردەم**

هەروەکو لەناوەکەیەوە ڕوونە، کە مەبەست لەو بەرهەمانەیە، کە لەسەردەمێکی زەمەنی دیاریکراودا پێشکەش کراون، جا لەوسەردەمەدا چ بارووددۆخێك گرینگ و زەق و بەرباس بووبێت لەسەری نووسراوە، کە هەر سەردەمێکیش خاسیەتی نووسینی تایبەت بەخۆی هەیە، کە زۆر لە توێژەران سەرکەوتنی بەرهەمی ئەدەبی لەوەوە دەبینن، کە هەڵقوڵاوی بابەتە گرینگەکانی سەردەمەکەی خۆی بێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکان پەیوەست بێت بەو سەردەمەی کە بەرهەمەکەی تێدا لەدایك بووە، بۆیە هەر سەردەمێك ژینگەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمی ئەدەبیش هەیە، جا لەو ژینگەو سەردەمەدا هەر بارووددۆخێکی ئابووری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی زەق و بەرچاو بێت ئەوا لە ئەدەب و هونەریشدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە هەر سەردەمێك لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی و دوای خۆشی جیاوازەو، بۆیە شێوازی بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە جیاوازییەکان لەگەڵ سەردەمانی تر پیشان دەدات.

بۆیە وەك ئاشکرایە ئەدەبی هەر میللەتێك بەپێ سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە (کەلەسەرتای مرۆڤایەتی دا، لەقۆناغی شوانکارەیی و سەرەتاکانی کشتوکاڵی دا، دەبینین شێوازی ئەو سەردەمە شێوازێکی سادەو ساکارە لەڕووی فۆڕم و زمان و ناوەڕۆکەوە، کە ئەم شێوازەش لە ئەدەبی فۆلکلۆرو میللی دا بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت، دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ و سەرهەڵدانی شارستانیەت و قۆناغی تر لە پێشکەوتنی ئەدەب دێتە پێشەوەو شێوازی دەقەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و شاعیر شێوازی تاکەکەسی بەدەق دەبەخشێت، کە پێشتر لە ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی ئەم جۆرە شێوازە بوونی نەبوو. ئەگەر لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی ئەوروپا وردبینەوە ئەوا زۆر بەجوانی هەست بەو قۆناغبەندی و شێوازە سەردەمییانە دەکرێت) (مەلازادە, 2019، ل52). دروست بوونی ئەو شێوازە تاکەکەسی یە جیاوازانەی سەردەمێکی دیاریکراو لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەتوانرێت لەگەڵ بەرهەمەکانی نووسەر هەنگاو بهاوێژرێت بۆ ئەوەی لەو بەرهەمانە بکۆڵرێتەوە، کە سەر بەکام جۆری ئەدەبین،

یاخود بۆ چ سەردەمێکی مێژوویی دەگەڕێنەوە. یاخود ئەو تایبەتمەندی یەی کە دەقێکی ئەدەبی بە پێ ی ڕێکخستنی کەرستەکانی زمان و وێنەو هزر و ... هتد, پێشکەشی خوێنەر دەکات، بەدڵنیاییەوە دیارخەری سەردەمێکی ئەدەبی یە.

بۆیە ئەو وشەو زاراوانەی کە لەو سەردەمەدا بەکار هاتووە، جیاوازن لەو وشەو زاراوانەی کە لەسەردەمی پێشووتردا یان دواتردا بۆ هەمان مەبەست، یان بۆ هەمان واتا بەکارهاتووە. کەواتە شێوازی هەردوو سەردەمەکە لەیەك جیاوازە. (ئەو دانە وشەییانەو وێنەو بنیادنانی ڕستەو، ڕێژەی ناو بۆ سیفەت، دەستەواژەی ناوی بۆکاری، هەموو ئەمانە لەپێناوی ئەوەدا دەکرێن چێژێکی جیاوز بدرێت بە شێوازی سەردەم) (هاف، 1985، ل57).

**3-4- شێوازی نەتەوەیی**

وەکو زانرا کە شێواز زانستێکی نوێ یەو بۆ لێکۆڵینەوە لە دەق جا لەهەر لایەنێکی ژیان بێت هاتۆتە کایەوە، یاخود لەهەر لایەنێك کە پەیوەست بێت بە دەق، بەمانایەکی تر شێواز ئەو زانستەیە، کە دەربڕینی تێدا دەخرێتەڕوو، جا ئەو دەربڕینەش هەر نەتەوەو بە شێوازی خۆی جا لەهەر بوارێك بێت، چونکە شێواز زانستێکی گشتگیرەو لەهەموو ئاست و لایەنێك بەبەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ئاخاوتن بەکاردێت، بۆیە هەر نەتەوەیەك بە شێوازی خۆی دەناسرێتەوە، بۆ نموونە شێواز لە ئەدەبی کوردی دا لە (سەردەمی کلاسیزم شیعری بە زیاتر لە زمانێك دەنووسی و فەلسەفە ئیستاتیکی یەکەی لەوەوە قوڵ دەبوویەوە، کە شاعیر زیاتر لە زمانێك و بەڕوونی لە چوارچێوەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی شارەزا بێ و وشەو دەربڕینەکانیان بەکار بهێنێت، بەڵام شێوازی دواتر ئەوەی ڕەتکردەوەو ئەوەی سەلماند کە شیعر دەبێ بەزمانی کوردی پەتی بنووسرێت) (مصطفی، 2010، ل18). ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بوویێت، کە شێوازەکە مۆرکێکی نەتەوەیی وەربگرێت، چونکە شێواز بەهەموو جۆرەکانی یەوە هەر وشەی دەربڕاوە بۆ گەیاندنی بیرو خستنەڕووی مەبەست، بۆیە شێوازی جیاواز هاتۆتە کایەوە چونکە هەموو هۆکارە کارتێکەرەکان و جوگرافیاو شوێن و کلتوری نەتەوەیی و شێوازی جیاجیای نەتەوەکان دێنێتە بەرهەم بۆنموونە: شیشرۆن چەند جۆرێکی جیاوازی شێوازی دیاریکردووە وەك: شێوازی فەلسەفەو شێوازی مێژوویی و شێوازی خوێننەر، بۆیە شێوازی نەتەوەکان بە پێ ی سروشت و ژینگە و باروودۆخ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تەنانەت وەك ئاشکرایە کە شێوازی نەتەوەیەکیش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت و دەکرێ بوترێ شێوازی تەنیا نووسەرێکی هەر نەتەوەیەك گۆڕانی شێواز لەبەرهەمەکانی دا بەدی دەکرێت، چونکە هەر نەتەوەیەك خاسیەت و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی هەیە و جیاوازە لەگەڵ نەتەوەکانی ترداو, ئەم جیاوازیەش لەڕووی زمان و ئایین و کلتورو مێژووی نەتەوەکە دەردەکەوێت، بێگومان ئەم جیاوازییە بۆ خانەی ئەدەب و هونەریش دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکە مۆرکێکی نەتەوەیی وەردەگرێت، چونکە ئەدەبی هەرنەتەوەیەك ڕەهەندە نەتەوەییەکانی ئەو نەتەوەیە هەڵدەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەدەبی دوو نەتەوە هەرچەندە خاڵی لێکچوون کۆیان بکاتەوە ئەوا هەرگیز ئەم لەیەکچوونە دەقاو دەق نیە.

**5- هەڵبژاردن**

هەڵبژاردن یەکێکی ترە لە بنەما سەرەکیەکانی شێوازناسی، کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی کەرستە زمانییەکان و هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری نووسەرەوە هەیە. یاخود (شێواز کۆشش و خەباتی نووسەرە بۆ خۆ گونجاندن، لەناو پۆلی زمانەوانی، هەموو نووسەرێك دەخوازێت، لە ڕێگەی پێکهێنانی ئاخاوتنەکانی خۆی دا، وتنەکانی خۆی دەربخات! کاتێکیش ئەمە دەکات بە دەنگ فشارەکانی ڕابردووە نەبیندراوەکەی دا دەچێت! کە ئەو ڕابردووە نەبینراوە تەقەڵلا دەدات تا خۆی بخزێنێتە نێو گشت زمانەوە، کەچی لە هەمان کاتدا، دەسەڵاتی قەدەرییانەی زمان دەخاتە لاوە! کە پرەنسیپی ئەم پێکهاتە پێکدەهێنێت) (سعید، 1999، ل159). چونکە کاتێك نووسەر بیرۆکەیەکی لەلا گەڵاڵە دەبێت و دەیەوێت بیکات بە دەقێك ئەوا بەشێوەیەکی زاناو لێهاتووانە دەبێ کەرستەکانی زمان هەڵبژێرێت و دەقێکی ڕێکخراوی لێ دروست بکات، دەکرێ بوترێ ئەم هەڵبژاردنەش نەك تەنیا لە لایەنی زمانەوانییەوە بەڵکو هەموو بوارەکانی تری وەك دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی دەگرێتەوە، بەڵکو هەڵبژاردنی ڕووداویش یاخود بابەتیش دەگرێتەوە، کەواتە دەکرێ بوترێ خودی شێواز واتا هەڵبژاردن.

**6- ناساندنی ڕەهەندی هەڵبژاردن**

بێگومان هەڵبژاردن وەك ئاشکرایە بابەتێکی زۆر گرینگە و لەلای نووسەران و ڕەخنەگران بایەخێکی زۆری پێدراوە، هەروەها نووسەر دەیەوێت بزانێت دەقی ئەدەبی چۆن دروست دەبێت، بۆیە دەیەوێت زۆر وەستایانە بڕیار بدات لە هەڵبژاردنی هێلە گشتی یەکانی پێکهاتی بنیادی دەق تاوەکو جیا لەگەیاندنی بیرەکەی هیچ نەبێ لایەنی ئیستاتیکی دەقیش دروست بکات لەڕێگەی هەڵبژاردنی بەشێك لە فەرهەنگی زمانەکەی بۆ دەربڕین و دروستکردنی وێنەیەك لە هزری وەرگر. بەجۆرێك کە (ڕەگەزەکانی زمان نائاسایی بێت دوور لەشتە ئاساییەکانی زمان) (عبدالله، 2007، ل22). چۆنیەتی ئەم هەڵبژاردنەش پەیوەستە بە ئاستی پێکهاتەوەو

بەشێوەی لادان لە یاساو دروستکردنی یاسا. لەلایەکی ترەوە ئەم هەڵبژاردن و رێکخستنەی کەرستەکانی زمان وای لە لێکۆڵەران کردووە، کە گرینگی زیاتر بە فرەمانایی واتاکان بدرێت، کەواتە شێواز بەبێ هەڵبژاردن ناگونجێت.

هەروەها لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە دوو جۆر هەڵبژاردن هەیە کە (گراهام هاف) جیاوازییەکانی ڕوونکردۆتەوە (یەکەمیان) هەڵبژاردنی لاوەکی کە لەقسەکردن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە وەك قسەکردن لەگەڵ مامۆستایەك یان بەڕێوەبەرێك یان بۆ نموونە سەرکردەیەك کە زیاتر ئەو وشانە هەڵدەبژێردرێت کە ڕێزدارن، بەڵام (دووەمیان) هەڵبژاردنی سەرەکی ئەمیش بەپێ ی هەڵبژاردنی یاساو دەستوورەکانی زمان دیاریدەکرێت (هاف، 1985، ل24). بەو پێیە نووسەر بۆ پێکهێنانی دەقێکی تۆکمە یان دەربڕینێکی دروست کەرستە زمانییەکان کۆدەکاتەوەو باشترینیان هەڵدەبژێرێت ئەم هەڵبژاردنەش لە شێوازی نووسەرێکەوە بۆ شێوازی نووسەرێکی تر جیاوازی هەیە، چونکە هەر نووسەرێك جۆرە دەربڕینێك هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی بیرەکەی. کە (هەرنووسەرەو لە هزر و فکری خۆی دەیەوێت ئەو وشەو دەستەواژانە هەڵبژێرێت کە گونجاوە بۆ گەیاندنی بیرەکەی) (عزیز، 2016، ل19) کەواتە هەرچەند وشەو دەستەواژەکان زۆر و جیاوازبن ئەوا شێوازەکانیش گوزارشت کردنیان جیاواز دەبێت.

هەروەکو دەگوترێت (شێواز لە ڕاستی دا کرداری هەڵبژاردنی زمانی یە، ئەمەش پوختەی شێوازە بەشێوەیەکی ڕووکەش) (ساندریس، 2003، ل138). کەواتە نووسەر کاتێك هەموو ئەو کەرستانەی کە هەڵیدەبژێرێ بۆ پێکهێنانی دەقەکەی دەبێ جێگیر و پتەو بێ بۆ گەیاندنی دەربڕین و مەبەستەکەی. (ئەمەش وامان لێدەکات، کە بڵێین شێواز پرۆسەیەکی هۆشمەندانە و قەسدەوی یە و داهێنەر دەزانێ هەموو نیشانەو هێمایەکی زمان لە شوێنی خۆی دا بەکاربهێنێت) (حسین، 2007، ل68). وەکو لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا، کە شێواز بریتی یە لە گەیاندنی بیر، بێگومان ئەم بیرەش بە هەڵبژاردنی زمانەوە دەگەیەنرێت. (زمانیش پێکدێت لە کات، کردارەکانی کات، تاکو کۆ، بنیاتی ڕێزمانی، دانان و لادان لەسیستەمی وشە، بەو شێوەیە دەبینین شێواز دەوەستێتە سەر ئەو کەرستانەی کە لەزمان دا هەیە) (صالح، 2005، ل54). بۆیە نووسەر پێویستە ئەو کەرستانەی کە هەڵیدەبژێرێت ببێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری لەلایەن پەیامدەرەوە بۆ پەیامگر.

**7- هەڵبژاردن وەك دیاردەیەکی شێوازی لای ئەحمەد هەردی**

وەك لە پێشتر ئاماژەی پێکرا هەڵبژاردن یەکێکە لە دیاردە شێوازییەکان، کە خۆی لە هەڵبژاردنی کەرستە زمانیەکان دەبینێتەوە، واتا کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی هەموو ئەو کەرستانەی کە نووسەر پێویستیەتی بۆ داڕشتنی دەقێکی بە پێز، جگە لە هەموو ئەو کەرستانەش پێویستی بە هەڵبژاردنی دەربڕینێکی گونجاو و لەبارە بۆ هێنانەکایەی بەرهەمەکەی، کە جیاوازبێت لە بەرهەمانی تری پێش خۆی، کەواتە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا نووسەر هەوڵی ئەوە دەدات، هەر کەرستەیەکی زمانی لە شوێنی خۆی بەرکاربهێنێ و تاوەکو بەرهەمەکەی بە پرۆسەیەکی هۆشمەندانەدا بڕوات و داهێنان لە هەڵبژاردنی دەستەواژەکاندا بکات، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەش لە شێوازناسی دا پرۆسەیەکی زۆر گرینگە و لەسەر هەموو نووسەرێك پێویستە پەیڕەوی بکات، ئەمەش هەروا سادەو بەشێوەیەکی ڕەمەکی دروست نابێت، بەڵکو پێویستی بە زەین تیژی نووسەر هەیە لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی شیاو بۆ شوێنی شیاو لە چوارچێوەی ڕێگە پێدراوی ڕێزماندا، جگە لەوەش پێویستە ماناکان لە زهنی خوێنەر ڕوون بن، چونکە هەڵبژاردن هۆکارێکە بۆ پێدانی بەهایەکی ئیستاتیکی بەدەق، هەروەها ئەو بنەما سەرەکی یەی شێواز بەشداری دەکات و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی شێوازێکی نوێ، چونکە پەیوەستکردنی هەڵبژاردن بە نووسەر ئەوا شێوازەکەی دەردەخات و نابێ لەیەك دابڕێن، بەجۆرێکی تر هەرکات باس لە شێواز بکرێت پێویستە باس لە هەڵبژاردنیش بکرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە (گراهام هاف) دوو جۆری هەڵبژاردنی لەیەك جیاکردۆتەوە، ئەویش هەڵبژاردنی لاوەکی و هەڵبژاردنی سەرەکی یە، هەڵبژاردنی لاوەکی پەیوەستە بەکاروبارو هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بەپێ ی خێزان و کلتور، واتا هەڵبژاردنێکی ئاسایی یەو بێ زۆر لەخۆ کردنە، بەڵام هەڵبژاردنی سەرەکی پێویستە هەڵبژاردنێك بێت کە ویست و ئارەزوو بەرژەوەندی تێدابێت، بەتایبەت کە لەگەڵ کەسێکی دیاریکراو بۆ بەرژەوەندیەکی دیاریکراو لەباروودۆخێکی دیاریکراو، لیرەشدا ئەم هەڵبژاردنە دەوەستێتە سەر تواناو دەسەڵاتی قسەکەر، لە هەڵبژاردنی دەستەواژەی دروست و شارەزایی لە بەکارهێنانیاندا.

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە هەڵبژاردن بابەتێکی گرینگ و سەرەکی شێوازناسی یە، کە شاعیران و نووسەران لەسەر ئەو بنەمایە دەقەکانیان دادەڕێژن، کە ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەش لەناو زماندا بەڕیوەدەچێت، لەبابەتی ستاتیکا و هەڵبژاردنی وشەی جوان و ڕازاوەو خەیاڵ و ناوەڕۆکی جوان لەڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە، بەرەچاوکردنی کێش و سەرواو زمان و...، کە شاعیر هەموو ئەو دەستەواژە گونجاوانە هەڵدەبژێرێت و لێکی دەدات، بۆ ئەوەی بیکاتە دەقێکی نموونەیی، هەر لەبەر ئەمەشە شێوازناسی زۆر گرینگی بە ڕەهەندی هەڵبژاردن دەدات، هەڵبژاردنیش دەچێتە ناو چوارچێوەی زمانەوە، چونکە خۆی پرۆسەیەکە لەناو زماندا ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە هەڵبژاردن لە دەنگ، کە ئایا شاعیر چ دەنگێکی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببێتە سەروای

شيعرەكانی، يان هەڵبژاردنی وشە ياخود گرێ، يان جێناو و ئامرازەكان، هەڵبژاردنی ڕستە يان تەعبير و خەياڵ ياخود بابەتی كێش و ...هتد.

كەواتە هەڵبژاردن پرۆسەيەكی يەكجار فراوانەو هەموو ئەوانە و زياتريش دەگرێتەوە، بۆيە لێرەدا دەكرێت شێوازی هەڵبژاردن بەباشترين شێواز ناو ببرێت، كە نووسەران كاری لەسەر بكەن، بەڕازاندنەوەی ڕووخسارو جگە لە ناوەڕۆكێكی تۆكمەو بەچێژ بنياد بنێن. سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنيش، هەردی وەكو شاعيرێكی نوێخواز هەوڵی نوێكردنەوەی شيعری داوە چ لە ڕووی ڕووخسارەوەو چ لەڕووی ناوەڕۆكەوە تەنانەت بووە بە (قوتابخانەيەكی نوێ ی شيعری ڕۆمانسی)( كاك ئەمين، 2008، ل84). كە كاتێك لە چلەكانی تەمەنی دا تووشی ڕەشبينی و نا ئومێدی دەبێ بەرامبەر بە ئافرەت بۆيە خۆی بە شيعری ڕۆمانسی خەريك كردووە بە هەڵبژاردنی شێوازێكی ڕەشبينانەو بێ ئومێدی كە (لەشيعری ڕۆمانسی دا خەياڵی سەركەشی بەرجەستە دەبێ و هەڵچوونی شاعيرانە هەموو سنوورەكانی عەقڵ دەبەزێنێ و خود دەكەوێتە سەنتەرەوە. قارەمانی شيعری ڕۆمانسی شاعير خۆيەتی باس لە خودی خۆی، ژيانی خۆی، ئەوينی ئاگرينی و ئازاديە زەوتكراوەكانی دەكات، شاعيری ڕۆمانسی بەو پەڕی شەيدايی و عەشقەوە بە باڵای جوانی سروشتدا دەڕوانێ، تامەزرۆی ژيانی ئامێزی گەرم و گوڕ و پرسۆزی سروشتە، گۆرانی بۆ ڕابردووی بە شكۆی نيشتيمان دەڵێ و وەفای سەردەمی زێڕين بەسەر دەكاتەوە)(حسن، 1997، ل7). هەرديش وەكو شاعيرێكی نوێخواز بۆ هەموو بابەت و بوارەكان پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجام داوە، واتا شێوازێكی هەڵبژاردنی تايبەتی لە گشت ئاستەكانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی، هەروەها ئاستی سيمانتيكيش لەلايەكی ترەوە وەك هەڵبژاردنێكی تايبەت و جياواز لەباری ئاسايی بەدەقەكانی بەخشيوە، واتا هەڵبژاردنی زمانە شيعريەكەی ئاستێكی ئەوەندە بەرزی هەيە كە بەردەوام هەست و سۆز دەوروژێنن و خوێنەر بۆخۆيان ڕادەكێشن، حەزی گوێگرتن زياتر دەبێت، چونكە لەزمانی ئاسايی كەمتر ئەو هەست و سۆزە دەبينرێت.

هەرديش هەڵبژاردنی كردۆتە ڕێگايەك بۆ دەربڕينی بيرو هزری خۆی بۆچوونە ناو ناخی شتەكان و تێگەيشتنيان و خستنەڕوويان بەدەربڕينێكی سەرنج ڕاكێش (دەربڕينيش لەم زمانە چالاكی زياترە لەو دەربڕينەی كە لە زمانی ئاسايی هەيە، چونكە لە دەربڕينی واتا بنچينەييەكەی خۆی ئاماژە بەلايەنی نەبينراويش دەكات، لايەنی هەڵچوون و خەياڵ كردنيش دەگرێتەوە. كەچی دەربڕين لە زمانی ئاسايی دا تەنها ژمارە بەو واقيعە دەدات كە ڕاستەوخۆ لەبەرچاومانە) (ادونيس، 1986، ل297). هەرديش زۆر وەستايانە بە زمانێكی ئەدەبی بەرز بە واتايەكی تر دەرچوون لە زمانی باو، كە خەڵك لەسەری ڕێككەوتن نوێكارييەكی زۆر لە دەقەكانی بەدی دەكرێت،ياخود دەكرێ بوترێ هەڵبژاردنی كردۆتە هۆكارێك بۆ دەربڕينی نوێ و تازە، واتا يەكەم شاعيری كورد بووە، كە چەندەها وشەو دەستەواژەی نوێ ی هێناوەتە ناو ئەدەبياتی كوردی يەوە، كە دەكرێت بەلادان ناو ببرێت، ئەم لادانەش هەروا سادە نيەبەڵكو بە هەڵبژاردن و بژاركردنی كەرستە زمانييەكان دروست بووە، كە هەردی لە ڕوانگە تايبەتيەكەی خۆيەوە بەو پەڕی بەكارهێنانی هونەرەكانی ڕەوانبێژی وەستايانە كاری تێدا كردووە.

ئەوەی لێرەدا گرينگە هەبوونی پەيوەندی نێوان هەڵبژاردن و زمانە، كە لەهەر دەقێكی ئەدەبی دا هەيە، بۆ گواستنەوەی كۆمەڵێك بيرو وێنەو خەياڵی نووسەر بۆ خوێنەر، چونكە هەركارە ئەدەبيەكانە، كە بە وشەی ڕازاوە وێنەی ژيانی پێدەكێشرێت، بەناوەڕۆكێكی جۆراوجۆری دەوڵەمەندەوە، ئەمەش هەربەهۆی هەڵبژاردنەوەيە، كە وادەكات شێوازی دەقەكە بەهايەكی ئيستاتيكی بەرجەستە بكات، هەرديش وەكو شاعيرێكی لاو هەرچی وشەی ناسك و ستاتيكی هەيە بۆ ئەو بابەتە دڵدارييەی هەڵبژاردووە، واتا ئەو وشانەی كە دوورن لە زمانی زبر و هەست و سۆز دەوروژێنن، ياخود چەمكی ناسك و جوانی وەكو (گوڵزاری دڵداری، بەهەشتی خۆشەويستی، ناڵەی كەساسان، دڵێكی تێكشكاو، ڕازی تەنيايی...)، هەروەها ئەگەر شيعرەكانی بەدەنگ و بە دروستی بخوێندرێتەوە ئەوا هەست بەوە دەكرێت، كە ڕيتم و مۆسيقايەكی چەندە بەهێز زمانی سۆزی شيعرەكان پێك دێنێت، جگە لەوەش خەياڵێكی بەرزەفڕی تێدايە، لەبەر ئەوەی زۆر هونەرمەندانە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجامداوە بەبێ بوونی هيچ لەنگی يەك.

بەكارهێنانی ئەم شێوازەش جوانی و پەسەندی زياتر بە شيعرەكە دەبەخشێت، كە دەكرێت بە لادانيش وەسف بكرێت، ئەمەش لە ئەدەبدا ڕێگە پێدراوە، ئەم ديارديەش لای هەردی بە ئاشكرا ديارە، تەنانەت هەردی لە دەربڕينی ڕستەكانيشدا گوزارشت لە ئەندێشەو خەياڵەكانی دەكات، كە جياواز بووە لە دەربڕينی هەر شاعيرێكی تر، كە هەردێڕێك بە هەڵوێستێكی دياريكراو لە ڕوانگەی تايبەتی خۆيەوە دەربڕيوە، گومانيش لەوەدا نيە (شاعير لەپێناو گەياندنی پەيام وڕازەكانی، دەستەو داوێنی شێوازێكی تايبەتی زمان و دەربڕين دەبێت، بەم هەوڵەی چوارچێوەيەك بۆ بنياتی شێوازێكی تێكستی شيعری دادەڕێژێت) (دەشتی، 2012،ل81). لێرەدا مەبەست ئەوەيە ئەو هەڵبژاردنی زمانەی كە شاعير لەكاتی نووسيندا پەيڕەوی دەكات شێوازی ڕاستەقينەی خاوەنەكەيەتی بێ ئەوەی لاسايی هيچ نووسەرێكی تری كردبێتەوە (هەربۆيە زۆربەی ڕەخنەگران و توێژەران لەسەر ئەوە كۆكن، كە شێواز لە داڕشتنێكی پوختەی دەق پێكدێت) (محمد، 2015، ل12)، كەواتە نووسەر بۆ ئەوەی بيەوێ دەقەكەی پوختەتربێ دەبێ هەڵبژاردن ئەنجام

بدات، ئەم هەڵبژاردنەش کە هەردی ئەنجامی داوە وایکردووە تایبەتمەندی بە دەقەکانی ببەخشێت، بە واتایەکی تر هەردی ئەو شێوازە تایبەتیەی خۆی لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دروست بووە، لێرەشدا ئەوە جەوهەری مەسەلەکەیە، چونکە جیاواز بووە لەگەڵ هەموو شاعیرانی تر، ئەو هەڵبژاردنەش وەکو باسکرا لە بابەت و مەبەست و دەنگ و کێش و سەروا و قالبی شیعری تایبەت بەخۆی نووسیوە.

وەك دەبینرێت هەردی لە شیعرەکانی دا خۆی لە وشەی تەسکی ناوچەیی بەدوورگرتووە و هەوڵی نووسینی شێوازێکی ڕوونی داوە، کە خوێنەر بەشێوەیەکی گونجاو دەتوانێ پەی بە واتاکەی بدات و لەمەبەستی دەقەکە تێبگات یان وای بۆ بچێ، چونکە ناکرێ واتای بنەڕەتی هەبێ، بەڵکو واتای دەق لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو لێکدانەوە جیاوازەش هەرگیز دەقەکە لاواز ناکەن، چونکە (هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، ئینجا هەر ژانرێك بێت ئەوا مەبەست و پەیامی دەروونی و عەقڵی لەخۆی دەگرێت، ئەو مەبەست و پەیامەش زادەی پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی فیکری و مەعریفە و باروودۆخی نووسەرو شاعیرەکەیە) (مەلازادە، 2019، ل93)، بێگومان هیچ دەقێك نیە هەڵگری بابەت و ناوەڕۆکێکی فیکری و زانیاری نەبێت، چونکە دەق بەبێ ناوەڕۆك و واتا شتێکی بۆش و بەتاڵ دەبێت، هەردیش، کە (یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی کورد) (کاك ئەمین، 2008، ل84)، پەروەردەی خێزانێکی دیاریکراو بووەو ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزی هەبووە لە خستنەڕووی دەقەکانی دا، پەیام و مەبەستی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە دەکرێت زیاتر بە لایەنی دەروونی یەوە پەیوەست بکرێ، چونکە شاعیرێکی لاوبووە تووشی داوی خۆشەویستی بووەو عاشقەکەی هەڵخەڵەتێنەر بووە، لەکاتی بەدیهاتنی خەونەکانی دا فریوی خواردووە.

بۆیە هەردی لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دروستی زمانەوە هەست و سۆزی خۆی یاخود ئازاری ناخی دەربڕیوە بەوەی کە (زمان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا ڕەهەندی سەرەکی یە، هەربۆیە دەق جارێکی تر پێویستە بگەڕێتەوە ناو شیکردنەوەی زمانەوانیەوە، بۆ ئەوەی پێکهاتەو چۆنیەتی دروست بوونی ڕوون ببێتەوە) (مەلازادە، 2021، ل39)، هەردیش لەسەر ئەو بنەمایە هەلبژاردنی شێوازە زمانییەکەی شێوازێکی ئەدەبی بووە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پەیام و ڕوئیای خۆی بەژیان گەیاندووەو ناوی بە زیندوێتی ماوەتەوە.

**8- ڕۆڵی هەڵبژاردن لە بنیادنانی شێوازی جیاواز لەلای ئەحمەد هەردی**

بێگومان دروستبوونی شێواز پەیوەستە بە توانای کەسێتی نووسەرو، شێوازیش لەگەڵ زانستی ڕەوانبێژی دا درێژە پێدەری یەکترین بەڵام (ڕەوانبێژی زانستێکی پێوانەییە و شێوازناسیش زانستێکی وەسفی یە) (قادر، 2008، ل174). نووسەریش لە کاری ئەدەبی دا وێنەی ژیان دەکێشێت، تواناکانی لە هەڵبژاردنی زمانی دا بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەی پێ دەوڵەمەند بکات، کەواتە هەڵبژاردن ئەرکێکی زۆر گرینگی لەسەر شانە ئەویش ئەرکی دۆزینەوە یان دروستکردنی شێوازی جیاوازە بەهۆی (بژارکردنی چەند سیمایەکی زمانی لەلایەن دانەرەوە) (حسێن، 2008، ل75). نووسەریش لەکاتی نووسینی دەقەکەیدا بەدوای هەڵبژاردنی گونجاوترین کەرستەی زمانی لەدەنگ و وشەو ڕستەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ڕێکیان بخات و دەقەکەی دەوڵەمەندتر بکات، نووسەر دەکرێت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بۆ دیاریکردنی ئەرکەکەی سەرپێچی بکات لە ڕێگای ئاسایی ئەم سەرپێچی کردنەش لە ئەدەبدا بە گشتی و لەدەقی شیعری بەتایبەتی چاوەڕوانکراو و ڕێگە پێدراوە، هەر هەڵبژاردنیشە وادەکات شێوازی شاعیرێك لە شێوازی شاعیرێکی تر جیابکرێتەوە، کەواتە ئەگەر هەر دەقێك پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی بۆ ئەنجام نەدرێت لەڕووی بابەت و ڕووخساروو ناوەڕۆکەوە، بێگومان نایەتە بەرهەم، چونکە ئەرکی هەرە گرینگی بەرجەستەبوونی دەق هەڵبژاردنە، ئەرکێکی تری گرینگی وێناکردنی دەقەو جیاکردنەوەیەتی لەگەڵ دەقێکی ئاسایی.

لێرەدا ئەگەر باسی شێوازی شیعرەکانی هەردی بکرێت ئەوا دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە (هەردی کانیاوێکە پەنگی خواردۆتەوە، هەرکاتێك تەقیەوە کەس نازانێت چۆن ئەتەقێتەوە)(کاکەی فەللاح، 1980، ل137). کە شیعرەکانی لەڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بنیادنراون، چونکە هەڵبژاردن وەکو پرۆسەیەکی شێوازناسی دەورێکی گەورەی گێڕاوە لەوەی، کە هەردی بەهۆیەوە شێوازی خۆی دیاری بکات و خۆی لە شاعیرانی تر جیابکاتەوە، بەوەی کە جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆی و دوای خۆشی سەیری ئافرەت بکات لە پەیڕەوکردنی شیعری ڕۆمانسی دا، شاعیر وایکردووە ئەم هەڵبژاردنە لە سەرتاپای شیعرەکانی دا ڕۆڵی خۆی ببینێت و وەکو دیاردەیەك بەکاری هێناوە تا ڕەهەندێکی ئیستاتیکی بە دەقەکانی ببەخشێت و (کە دواجار ئەمانەش هەریەکەیان لە شوێنی خۆی دا لەگەڵ واتادا بەندیوار دەبن) (ئەحمەد، 2008، ل47).

ئەم دیاردەی هەڵبژاردنەش کاتێك ئەنجام دەدرێت هەندێکیان پرۆسەیەکی لاشعوری یەو هەندێکیان پرۆسەیەکی عەقڵی یە، کە دەڵێین پرۆسەیەکی لاشعوری، واتا مەبەست لەو ژینگەو هەست و سۆز و ئەو کەش و هەواو بارە جوگرافی و ئابووری و

کۆمەڵایەتی یەی کە نووسەری تێدا ژیاوەو گەورە بووە، لەگەڵ ئەو خاڵەگرینگەی کە پێویستە لەبیر نەکرێت، ئەویش پەروەردە خێزانیەکەیەتی بە تایبەت لەلایەنی دەروونی یەوە، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی و بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیە دەبن کە تیایدا گەورە بووە، واتا بەرهەمەکە دەرهاویشتەی ئەزموونێکی تایبەت دەبێت، هەربۆیە شێوازناسی هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە دەرخەری تایبەتمەندی یە دیاریکراوەکانی دەروونی نووسەر، دەرخستنی ناخی نووسەریش لەسەر شیکردنەوە شێوازی یەکان وەستاوە، کە لەکۆتایشدا کاتێك نووسەر بەرهەمەکە پێشکەش دەکات مەبەست لەدروستکردنی کاریگەری یە یاخود گۆڕانکاری.

هەروەها کە دەگوترێت هەڵبژاردن پرۆسەیەکی عەقڵی یە ئەوا پەیوەندی بەئاستی سەقافی و ڕۆشنبیری نووسەرەوە هەیە، واتا ئەو ئەزموونانەی لە ڕووداوەکانی ژیانی وەریگرتووە جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی، بۆ نموونە ئەحمەد هەردی ئاستە ڕۆشنبیرییەکەیەتی، کە وایکردووە ئەم هەڵبژاردنە بەهێزە بکات، بەڵام ئەوەی تر لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی، ئەم پرۆسە عەقڵی یەی کە شاعیر ئەنجامی دەدات، ڕێژەی هەڵبژاردنەکەی تێدا چڕتر دەبێت، واتا دەربڕینەکان دەوەستێتە سەر مەعریفە و توانای داهێنان، ئەمەش وادەکات شێوازێکی تایبەت دروست ببێت، کە خوێنەر یان گوێگر واهەست بکات یەکەم جارە گوێی لە شتێکی وا دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، کە هەڵبژاردنە زمانییەکان بە پرۆسەیەکی کاملدا ڕۆیشتووە، هەردیش سەد لەسەد متمانەی بەخۆی هەبووەو، بێ هیچ گومانێك بەرهەمەکانی پێشکەش کردووە هەر لە تەمەنی لاویەتی دا، کە هەرچەندە لەم تەمەنەدا (ئاخاوتن زۆرێك نیەو بەری هەڵچوون و شێتانەیەکی هەرزەکارانەیە) (عبدالله، 2021، ل96)، واتا لەم تەمەنەدا دەربڕینەکانیان بە دەربڕینی کەسی عاقڵ و بەئەزموون ناچێت، کەچی هەردی وەك ئەوەی ئەزموونی هەبێت، زۆر ئاقڵانە بە مەبەست و ئامانجەوە شیعرەکانی خستۆتە بەردەم خوێنەران، وە زۆر وەستایانە هەڵبژاردنی بۆ داڕشتنەکانی کردووە، واتا هەردی یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کە (چەکەرەیان بە بزووتنەوەی شیعری کرمانجی خواروو، لەڕووی بنەما هونەریەکانەوە لەگەڵیاندا هاودەنگ و هاوڕا بوو، بەڵام ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت کە ناسنامەو ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی دروست بکات) (سعید، 2017، ل333)، کە ڕێچکەیەکی دڵداری و زیاتر لەهەر شێوازێك، شێوازێکی ڕۆمانسیانەو واتا هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە زیاتر گوزارشت لە تەنیایی و بێ ئومێدی و خەم و دابڕان و دڵشکان دەکەنەوە، چونکە وەك ئاشکرایە (کە ڕوحی هەردی هەر لەسەرەتاوە شەیدای ئاواز و خورپەی شیعری ڕۆمانسی بوو. چ خولیاخودیارییەکانی و چ بەهرەو توانستی شیعری ئەو لەگەڵ ئەو ڕێبازە دەگونجان و خۆی لەو جیهانە پڕ سەرسامی و سیحرەی جیهانی ڕۆمانسی دا دەدۆزیەوە) (میراودەلی، 2021، ل160). هەموو ئەمانەش وایکرد، کە هەردی بەو شێوازەی بناسرێتەوەو هۆنراوەکانی لەسەر ئەم ڕێچکەیە بنیاد بنێت، عەتا قەرەداغیش لەبارەی هەردی یەوە دەڵێت: ((هەردی هێشتا ئەو شاعیرەیە کە وەکو ناوێکی دیار لە شیعری کوردی ساڵانی چل و پەنجاکاندا دەناسرێت و جێگای تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی کە ناوبانگی بۆ هەردی دروست کردووە، لەلایەك بریتی یە لەو ناسکی و شەفافیەی کە لەفۆرم و شێوازی شیعرەکانی دا هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەو جیهان بینی یە شیعریەی کە بەرهەمی هیچ نا ئەگەرچی مەودایەکی قوڵی فەلسەفی نی یە، بەڵام پەیوەستی ئیحساسی ئینسان و چرکەساتەکانی نیگەرانی و دوو دڵی و هەست بە بێ ئومێدی کردنی ئینسانە، کە ئەمەش ئەو حاڵەتانەن کە ئامادەبوونی بەردەوامیان هەیە لە بوونی ئینساندا)) (قەرەداغی، 2001، ل33).

هەروەها هەردی شێوازە جیاوازوو تایبەتەکەی بەوە دەناسرێتەوە کە سەرجەمی شیعرەکانی لیریکن و دەربڕینەکانی ڕۆحێکی زیندوویان هەیەو بەدەنگ و ڕیتمن، وەك چۆن زۆربەی هۆنراوەکانی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بەگۆرانی، کە ئەزموونی هۆنراوەکانی شکستی خۆشەویستی و دڵشکانی سەردەمی لاوێتین، واتا کاتێك خوێنەر کە دەیخوێنێتەوە یان گوێگر گوێ ی لێ دەبێت، هەست بە یەکڕیزی و تەبایی دەکات لە دێڕ بەدێڕی هۆنراوەکاندا ئەویش بەهۆی هەڵبژاردنی فەرهەنگی وشەی ڕۆمانسی، کە دیارە هەردی خۆی زیاتر لەو ڕێبازەدا دۆزیوەتەوە و بەهرەو توانای خۆی تێدا تاقیکردۆتەوەو لەو تاقیکردنەوەیەشیدا سەرکەوتوو بووەو، تەنانەت بۆتە قوتابخانەیەك لە ڕێبازی شیعری ڕۆمانسی کوردی، وشەی فەرهەنگی هەڵبژاردووەو دووربووە لە بەکارهێنانی وشەی نا باو، ئەوەش ڕوونە کە هەردی فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە، چونکە وشەی نوێ ی لە هۆنراوەکانی دا بەکارهێنانەوە.

هەلبژاردن لە ئاستی پێکهاتەیی دەقی شیعری دا بەشێوەیەکی گشتی لای هەردی هەڵبژاردنی پێکهاتەی زمانی شیعری دەگرێتەوە، کە لەلایەنی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی یەوە ئەنجامی داوە، شاعیر وشەی نوێ ی داتاشیوەو لە هەندێ شوێنیش یاسای ڕێزمانی گۆڕیوە، واتا شێوەی ڕیزبوونی کەرستەکانی گۆڕیوە لەپێناو خستنەڕووی دەقێکی شیعری تۆکمە بەلەبەرچاوگرتنی نەشێوانی واتاو مەبەستی دەقە شیعرییەکە.

**9- هەڵبژاردنی کێش و سەروا لای ئەحمەد هەردی**

ڕیتمی دەرەوە خۆی لە کێش و سەروادا دەبینێتەوە، هەروەك دەوترێت (کێش وێنەیەکی تایبەتی ڕیتمە) (بکر، 2005، ل59)، ئەمەش لە شیعردا بەهێزترە، کە هەڵقوڵاوی هەست و سۆزی شاعیرەو کاردەکاتە سەر هەست و سۆزی خوێنەر و چێژی پێ دەبەخشێت، بەم پێ یەش ڕیتمی دەرەوە ڕێکخراوەو یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی هەیە. (ڕیتم بواری داهێنانی شاعیرە، ئەوانەی داهێنان لەکێشدا دەکەن زۆر کەمن، بەدەگمەن هەڵدەکەون و هەموو جارێکیش داهێنانەکەیان لێ قبوڵ ناکرێت. کەچی ڕیتم لەگۆڕانێکی بەردەوام دایە، وەکو هەوێر وایە، لەبەردەستی شاعیر دایە، چۆنی بوێ وای دەکرۆژێ) (گەردی، 1994، ل74). ئەمەش لە هەموو جۆرە دەقێکی ئەدەبی دا هەیە، بۆیە (یەکێك لەو ڕێگایانەی شیعر، کە کاردەکاتە سەر هەست و چێژ و لەزەت دەبەخشێ مۆسیقای شیعری و ڕیتمە، کە جۆرە ئاهەنگێك لەناخی مرۆڤ دەسازێنێ، کە پەیوەندی یەکی قوڵ و کاریگەر لەنێوانیاندا هەیە) (اسماعیل، 2004، ل293)، بەو پێیەی (ئاواز وەك ڕەگەزێکی دیارو ئاشکرای دیوی دەرەوەی هەڵبەستە ڕەنگدانەوەی ئەوە سۆز و هەڵچوونەیە کە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەرپای دەکەن) (انیس، 1972، ل17)، ئەم تاقیکردنەوەیەش لە شاعیرێك بۆشاعیرێکی تر جیاوازە بەپێ ی پێویستی پێکهاتەی شیعرەکە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕیتم هەڵقوڵاوی شیعرە و مۆسیقای شیعری دروست دەکات، لەبەر ئەوەی (مۆسیقای شیعر لە تەعبیری وشەکە کەمتر نیە بگرە لەو زیاتریشە، چونکە مۆسیقای شیعر ئەو کەش و هەوایە دروست دەکات کە بیرو ماناکەی تیا دەردەکەوێت، هەر مۆسیقاشە سێبەری فیکری و سۆزداری بە واتا دەبەخشێت و ئەو سێبەرانە لەواتاکە لەدەروونەوە چالاکتر و پتەوتر دەبن، جا بۆیە لاوازی مۆسیقا کەم و کورتی یەکی زۆر بۆ تەعبیرەکە دروست دەکات) (الوافی، 1984، ل237)، هەروەها (ڕیتم پەیوەندی یەکی توندی بە ئاوازەوە هەیە) (ویلك و وارین، 1987، ل170)، بەپێ ی ئەم بۆچوونە ڕیتم بەهۆی بەهێزی لێکدانی کەرستەکانی زمان دروست دەبێت لە پێکهاتەی شیعردا.

زۆر لە لێکۆڵەرانیش ئەم دووبارە کردنەوەیە و گونجاندنی دەنگ و بەهێزی ڕیتم لە شیعردا دەگێڕنەوە بۆ کێش و سەرواو بە ریتمی دەرەوە ناوی دەبەن، واتا ڕیتم (گونجاندن و ڕێککەوتنێکی دەنگی یە، لەنێوان بزوێن و نەبزوێن، کپ و دەنگدار، بڕگەو یەکەکانی ڕیتم، بەپێ ی پێوانەو هەڵسەنگاندنی کۆن و نوێ، بەکێش و سەروا دیاری دەکرێن) (سعید، 1999، ل16)، دیاریکردنی ڕیتمیش لە قسەی ئاسایی دا مۆسیقایەکی ڕێك دروست ناکات، بەڵکو لە شیعردا لە ئاستێکی ڕێکتر دایە، ئەمیش بەپێ ی سیستەمی دەنگی شیعرەکە بەهێزتر دەبێت بەو واتایەی (ڕیتم بنیاتی دووبارەبوونەوەی مۆسیقای ڕستەیە بناغەیەکی نەگۆڕەو دووبارە دەبێتەوە، چەند بڕگەیەك بە هێزێکی دیاریکراو و هاوسەنگ دووبارە دەبنەوە و ڕیتم دروست دەکەن، هەندێك جار کێش هاودەنگ دەبێ لەگەڵ بنیادی ڕیتمەکان و، هەندێ جاریش هاودەنگ نابێت، بەڵام لەم کاتانەدا کێشەکە پارچە پارچە دەبێت نەك ڕیتمەکە تێك بچێت) (ابراهیم، 2012، ل108)، کەوایە یەکێك لەهۆیەکانی دروست بوونی ریتمی دەرەوە لە شیعردا بریتی یە لە دیاردەی یەکگرتنی دەنگەکان و بەکارهێنانی هەریەکەیان لەشوێنی خۆی دا بەمەش ڕیتمێکی چێژبەخش لای گوێگر دروست دەکات و دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی شیعرو پەخشانیش لەیەکتر.

وەکو ئاشکرایە کێش و سەروا بە دوو ڕەگەزی سەرەکی شیعر دادەنرێن لە ڕیتمی دەرەوەدا، هەردیش یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی کە زۆر بایەخی بە ڕیتم داوە لە شیعرەکانی دا ڕیتمێکی بەهێزی هەستی پێ دەکرێت، کە هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرن و بە هەڵبژاردنی لایەنە دڵدارییەکەی و تەنانەت خۆیشی دان بەو ڕاستی یە دادەنێت و دەڵێت: ((من هەرگیز شیعرم نەکردووە بە پیشەیەکی هەمیشەیی بەڵکو ساڵی جارێك یان دوو جار لەباروودۆخێکی تایبەتی دا شیعرم داناوە، یان با بڵێین: ڕازی دڵی خۆمم تێدا دەربڕیوە)) (میراودەلی، 2021، ل117)، کەواتە شیعرەکانی ئەزموونی دڵ و دەروونی شاعیرن و لە شیعرەکانی دا ڕێکخستنی کردووە لەنێوان ناخی و جیهانی دەرەوەدا، کە دەربڕی وشەی ڕۆمانسی و تەنیایی و ڕەشبینین، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە هەریەکێك لە شیعرەکانی بەهەڵبژاردنی کێش و سەروای گونجاو بۆیان ڕیتمێکی خۆش و بەهێز ببەخشن، واتا (توانیوەتی لە ڕێگەی یاریکردن بە سەرواکان و هەڵبژاردنی سەروای ئاوازەدارو مۆسیقی و جوانکارییەك و قەشەنگی یەکی داهێنەرانە بەهۆنراوەکانی ببەخشێت) (عزالدین، 2007، ل302)، کە لەخوارەوە باس لەهەڵبژاردنی بەشێك لە کێش و سەروای شیعرەکان دەکرێت:

**9-1- کێشی شیعری ئەحمەد هەردی**

کێش بریتی یە لەو ڕەگەزە سەرەکی یەی، کە وادەکات شیعر لە پەخشان جیابکرێتەوە، چونکە بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعر دادەنرێت، هیچ شیعرێك نیە کێشی نەبێت هەروەکو (گۆران) لەبارەی مەرجی سەرەکی شیعر دەڵێت: ((مەرجی هەڵبەست تەنیا (کێش و قافیە) نیە، بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی ڕەوان (جۆرە کێش و قافیەك) بەتایبەتی (کێش) هەرەگرینگی پێویستییەکانی هەڵبەستە)) (گۆران، 1971،ل7). کەواتە مەرجی سەرەکی شیعر کێش و سەروایە کە ڕیتمی دەرەوە دەگرێتەوە ئەمەش لە شیعردا

بەرجەستە دەبێت هەروەك (عەزیز گەردی) دەڵێت: (( كێشی شیعر ئاوازەو ئاوازی شیعریش لە دەنگەوە دێت)) (گەردی، 2014، ل9). ئەم ئاوازەش دەكرێ لەلایەنی دیاریكردنی تەفعیلە یان بڕگە بەكاربێت لەهەمان كاتتدا ڕیتمی دەرەوە هۆكارێكی گرینگە بۆ دروستكردنی كاریگەری لەشیعردا، بابەتی ڕیتمیش (كۆسیستەمی ئاستەكانی زمانە، (كێش) سیستەمی تایبەتی كاركردنی ڕیتمە) (بكر، 2004، ل96). جا لەهەر زمانێك بێت هەر فۆڕمی دەرەوەی شیعر دەگرێتەوە لە چوارچێوەی دیاریكردنی (سەرجەمی ئەو پێیانەی كە دێرە هەڵبەستێك دروستی دەكەن) (بیمار، 1992، ل10). كەواتە ڕەگەزی سەرەكی و یەكەم لە دیاریكردنی ڕیتمی دەرەوەی شیعر كێشە، چونكە (كێش جۆرێكە لە ڕێكخستن، ئەم ڕێكخستنەش بەهۆی دەرك پێكردنی یەكێتی نێوان چەند پارچەیەكی جۆراو جۆر دەبێت، كە بەپێ ی كات ئەنجام دراوە) (عەلی، 1998، ل119). بەم جۆرە كێشیش بەپێ ی شێوەی دەربڕینی شیعرەكە جۆراو جۆر دەبێت ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕیتمی شیعرەكە، ڕیتمی شیعریش ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزو باری دەروونی و كەسێتی نووسەرە، بۆیە كێش (ئەو شێوە مۆسیقیەیە كە شاعیر هەڵیدەبژێرێ بۆ خستنەڕووی هەیكەلی شیعرەكەی) (خلوصی، 1977، ل26) بەم هۆیەشەوە ئەو ئاوازەی كە لە شیعردا هەستی پێدەكرێت ڕێكەوتنێكی دەنگی و گونجانی ڕیتمە لەناو شیعردا.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی كێش لای ئەحمەد هەردی زیاتر ویستوویەتی ئەو كێشانە بۆ شیعرەكانی هەڵبژێرێت كە ڕیتمێكی خاو بە شیعرەكانی دەدات، ئەویش لەبەر هەڵبژاردنی بابەتی دڵداری یە، تەنانەت هەندێ لە شیعرەكانی بڕگەكانی زیاتر كردووە یاخود بڵێین درێژ دادڕی كردووە، كە تووڕەبوونی پێوە دیارە لە یارو خۆشەویست، كە (سەرنجی ئێمەی بۆ تازەیی بابەت و نوێی ی وشە هەڵبژێردراوەكان و ڕیزكردنیان ڕاكێشاوە) (میراودەلی، 2021، ل155). واتا لە هەڵبژاردنی كێشدا ڕەچاوی باروودۆخ و سۆزی دەروونی كردووە، كە شیعرەكانی زۆری لیریكن و نوێنەری ڕەوتێكی ڕۆمانسین لە شیعری كوردی دا، هەردی پەیڕەوی كێشی عەرووزی و كێشی پەنجەی خۆماڵی كردووە.

**9-1-1- بەكارهێننی كێشی عەروز**

كێشی عەروز كێشێكی سەر بەزمانی عەرەبی یە، كە (خلیل بن احمد فراهیدی) بە داهێنەری ئەم كێشە دادەنرێت، وشەی عەروزیش وەكو مانا بۆ زۆر مانا بەكارهاتووە وەك: (ڕێگای سەخت، ناوچە، داری ناوەندی ڕەشمال، بە مەككەش گوتراوە عەروز چونكە دەكەوێتە ناوەڕاستی وڵات، بەمانای تەنكە هەورو وشتری سەرسەختیش هاتووە) (گەردی، 1999، ل105)، بەڵام وەكو زانست (پێوانەیەكی هونەری یە، كە دێڕی شیعری پێ دەپێورێت، تا ڕێكی و دروستی كێشەكەی دەركەوێت) (خلوسی، 1974، ل46)، یان دەكرێ بڵێین زانستی عەروز ئەو زانستەیە، كە سنووری كێشەكان دیاریدەكات بەپێ ی (زیحاف و عیللە) دەیانخاتەڕوو ئەمەش بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی دروستی و نادروستی شیعر، كەواتە عەروز (تەرازووی شیعرە، زانستێكە بەهۆیەوە شیعری لەنگ لە شیعری كێشدار و دروست جیادەكرێتەوە، عەروز زانستێكە باسی دۆخی كێشەكان دەكات) (نورالدین، 2016، ل12)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەر دێڕە شیعرێك لە ژمارەیەك پێ پێكدێت، هەر پێیەكیش لە كۆمەڵێك بڕگەی كورت و درێژ دروست دەبێت، كە بەهۆی وەستانی پێیەكانەوە دیاریدەكرێت، كێشی عەروزیش لە ڕێگەی كێشی شیعری عەرەبی و فارسی یەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی كوردی، كە شاعیرە كلاسیكییەكانمان بەلاسایی كردنەوەی ئەوان شیعرەكانیان لەسەر ئەم كێشە داڕشتووە، بەڵام شاعیرە نوێیەكان بووژانەوەیان بەم ڕێچكەیە داوە، بەبەكارهێنانی كێشی ژمارەیی بڕگەو واتا دوو جۆر كێش بەكارهاتوون بەتایبەت لەسەردەمی گۆران بەولاوە، ئەویش بەكارهێنانی كێشی عەروزی و كێشی بڕگەی خۆماڵی، كە بەپێ ی لێكدانەوەی ژمارەی بڕگەكانە بەبێ گوێدانە كورتی و درێژی بڕگەكان.

هەردیش وەكو شاعیرێكی هەست ناسك هەردووجۆر كێشی بەكارهێناوەو بەتایبەت هەوڵی بەكارهێنانی ئەوجۆرە كێشانەی داوە كە جۆرە سستی و خاوبوونەوەیەك دەدات بە شیعرەكانی واتا ئەو كێشانەی كە سوك و خاون و دەگونجێن لەگەڵ ڕیتمی زمانی كوردی دا، هەروەها هەردی (باسی كێشی عەروزی عەرەبی كردووەو وەكو شاعیرێكی كورد دەسكاری ئەم كێشانەی كردووە بەهۆی (زحافات و علل)، چونكە بەكارهێنانی كێشی عەروزی وەكو خۆی هەرگیز پەیڕەو ناكرێت) (كاك ئەمین، 2008، ل205)، كەواتە هەردی كێشی عەروزی بەكارهێناوە بەڵام دەسكاری كردووە، لەم ڕووەوە هەردی دەڵێت: ((ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، كە نەتەوەی كورد و فارس، بەبێ دەسكاری كردن ئەم كێشانەیان وەرگرتووە، بەڵكو بەپێ ی سروشتی زمانەكەیان گەلێك كێشیان فڕێ داوەو... جگە لەوەی دەسكاری گەلێكیان كردووە) (هەردی، 1971،ل3)، بەپێ ی ئەم بۆچوونە شاعیرانی كورد لە داڕشتنی شیعردا سەرجەم كێشەكانی عەروزیان بەكارنەهێناوە، بەڵكو تەنیا ئەو كێشانە نەبێ، كە لەگەڵ سروشتی زمانەكەیان دەگونجێت، ئەویش وەنەبێت وەكو خۆی وەرگیرابێت، بەڵكو بۆی هەیە دەسكاری كرابێت وەكو د.عزالدین مصطفی رسول دەڵێت: ((لەڕووی فۆڕم- شكل – ەوە شیعری كلاسیكی كوردی لەسەر عەروزی عەرەبی ئەڕواو گەلێك لە بەحرەكانی عەروز كە، چ یەكسەر لە ڕێگەی عەرەبی یەوە یا لە ڕێگەی فارسی یەوە هاتوونەتە ناو شیعری كوردی یەوە بەكاردەهێنرێت، بەڵام ئەمانە هەموو بەحرەكانی عەروزی عەرەبی نین،

چونکە زۆر لەو بەحرانە لەگەڵ قالبی زمان و شیعری کوردی دا ناگونجێت)) (رسول، 1967، ل2)، کەواتە ئەگەر سەرنج بدرێتە شیعری شاعیران بەگشتی و شیعرەکانی هەردی بەتایبەتی ڕێژەی زۆری ئەو کێشانەی کە بەکاریان هێناون بریتین لە کێشەکانی (هەزج، رەجەز، رەمەل، موجتەز، موتەقاریب) لەناو ئەو کێشانەشدا (بەتایبەتی کێشەکانی هەزەج و رەمەل زۆرتر پەیڕەو کراون، تایبەتیش کێشی هەزەج زۆرتر دەگونجێ لەگەڵ خەسائیسی فۆنەتیکی زمانی کوردی دا) (فؤاد، 1972،ل9)، چونکە کێشێکی سوك و بەدەنگ و ئاوازە، بۆیە زۆربەی شاعیران دەستڕەنگینی خۆیان لەم کێشەدا نواندووە هەروەك مامۆستا عەزیز گەردی دەڵێت: ((ڕازی تەنیایی هەموو نموونەی هەزەجن لە موەششەحی کوردی دا)) (گەردی، 1999، ل260).

هەزەجی چواری هەشتی تەواو: شاعیر لە شیعری (شۆڕشی نائومێدی) دا دەڵێت:

| |
|---|
| بناغە و چینی دیواری |
| ____/__/__/ U//__/__/U |
| مـ/ فا / عیـ /لن // مـ / فا /عیـ / لن |
| تەلاری بەرزی دڵداری |
| ____/__/__/ U//__/__/U |
| مـ/ فا / عیـ /لن // مـ / فا /عیـ / لن |
| بە سەر لانەی دڵا ڕووخا، تەپوتۆزی خەمی هێنا |
| __/__/__/ U//__/__/___/U//___/__/__/ U//__/__/__/U |
| مـ/ فا / عیـ /لن // مـ / فا /عیـ / لن // مـ / فا / عیـ / لن // م/ فا /عیـ/ لن |
| بەدووی باڵداری ئاواتی، فڕیوی بێ سەر و شوێنا |
| __/__/__/ U//__/__/___/U//___/__/__/ U//__/__/__/U |
| مـ/ فا / عیـ /لن // مـ / فا /عیـ / لن // مـ / فا / عیـ / لن // م/ فا /عیـ/ لن |
| (ڕازی تەنیایی،ل55) |

ئەم شیعرە لەسەر کێشی هەزەجی چواری و هەشتی یە دێڕی یەکەم چوار هەنگاوەو دێڕی دووەم و سێیەم هەشت هەنگاوە کۆپلەکانی تریش بەم شێوەیە دووبارە بوونەتەوە.

ڕەمەلی هەشتی مەحزوف: شاعیر لە شیعری (چەپکە گوڵێك بۆ ستفاتمە) دەڵێت:

| |
|---|
| فاتیمە، دوو/ چاوی مەستت/، پڕ تەلیسمی/ جوانییە |
| فاعلاتن/فاعیلاتن/ فاعیلاتن/ فاعلن |
| /__ U/__// __/__ U/__// __/__ U/__// __/__ U/__/ |
| پڕ شەرابی/ خۆشەویستی و/ عارەقی یەز/دانییە |
| فاعلاتن/فاعیلاتن/ فاعیلاتن/ فاعلن |
| /__ U/__// __/__ U/__// __/__ U/__// __/__ U/__/ |
| (ڕازی تەنیایی، ل68) |

ئەم شیعرە لەسەر کێشی ڕەمەلە کە لەکوردی دا بەشێوازی چوار تەفعیلە بەکاردێت و لە ڕووی بەکارهێنانەوەش بە پلەی دووەم دێت لەدوای کێشی هەزەج، ڕیتمەکەی زۆر سوکەو پێیەکانی نەرمن.

**2-1-9- بەکارهێنانی کێشی بڕگەی خۆماڵی**

ئەم کێشە کێشی پەنجە یان کێشی هیجاشی پێ دەگوترێت، بەڵام ناوە باوەکەی بریتی یە لە کێشی ژمارەی بڕگە، کە ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە پێکهاتەی ڕیتمی دەرەوەی شیعردا، کە زۆربەی زۆری شاعیران پەیڕەویان کردووە، چونکە کێشێکی ڕەسەنی کوردی یەو هەر لەناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆرەوە بەکارهاتووە تاوەکو ئەمڕۆ، کە لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری کوردی دا شاعیران دووبارە گرینگی یان پێداوەتەوە و گەڕاونەتەوە سەری و هەوڵی دوورکەوتنەوەیان داوە لەکێشی عەروزی، هەروەها لە (کێشی شیعری خۆماڵی دا کورتی و درێژی بڕگە ڕەچاو ناکرێت)(ئەمین، 1990، ل48). ئەم کێشی (پەنجە (Feet) وابزانم یەکەمجار لەلایەن گۆران-ەوە بەکارهاتبێت. دیارە ئەمە لەجیاتی وشەی (Feet) ی ئینگلیزی بەکارهاتووە. مانای (Feet) دیارە (پێ) یە، بەڵام گۆران دیارە (پەنجە)ی پێ جوانتر بووە. بۆ پێوانی کێش یان ئاهەنگ (ڕیتم) بەکارهاتووە. ئەمە یەکەیەکی بنچینەییە کە دووبارە

کرایەوە ئاهەنگ دروست دەکات) (میراودەلی، 2021، ل27). برگەش دەکرێت کورت بێت، دەکرێت درێژبێت (برگە وەکو واژەیەك لە پیتێك یان زیاتر پێك دێت و یەکجار لەدەم دێتە دەرەوە بەبێ برینی هەناسە) (خۆشناو، 2007، ل6). یان ئەم جۆرە کێشە بریتی یە لە (کێشانەکردنی هۆنراوە بەپێ ی ژمارەی برگە) (گەردی، 2018، ل135).

بەکارهێنانی ئەم کێشە لەدوای قۆناغی نوێ بوونەوە لەسەردەمی (گۆران و هەردی و دڵدار ...هتد) بەولاوە (شوێنێکی گەورەی لە شیعری نوێ دا داگیرکردووە) (سابیر، 1976، ل4). واتا بەکارهێنانی ئەم کێشە هەروەك د.مارف دەڵێت: ((لەلای شاعیرەکانی ئەم سەدەیەماندا لاپەڕەیەکی زۆری لەدیوانی شیعریان داگیرکردووە)) (خەزنەدار، 1962، ل47). هەردیش لەبەر ئەوەی لەو سەردەمی نوێ بوونەوەیەدا ژیاوە بە سەرکەوتوویی هەوڵی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشەی داوەو ویستویەتی شیعرەکانی بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژێت، بۆ ئەوەی مەبەستەکانی بەباشی بگەیەنێت، هەروەها وەکو شاعیرێکی نوێ خواز زۆربەی زۆری شیعرەکانی لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی نووسیوە، باسی کێشەکانی (7، 8، 10، 11، 12، 13، 15) ی کردووە، بیروڕای خۆی لەسەر کیشی دە برگەیی خستۆتە ڕوو دەڵێت: ((لەڕاستیا ئەم کیشە لە هەموو کێشەکانی تر باوترە زۆرترینی گۆرانی و بەیتی کوردی بەم کێشە وتراوە)) (هەردی، 1971، ل10) چونکە لەم کێشەدا هەردێڕێك لە دوو هەنگاو پێکدێت هەر هەنگاوێکیش لە پێنج برگە پێکدێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لەسەردەمی نوێ بوونەوەدا دەستی بەشیعر نووسین کردووە زیاتر هەوڵەکانی بۆ ئەوە بووە، کە شیعرەکانی بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێت بۆ ئەوەی بەباشی مەبەستەکانی بگەیەنێت، بۆیە وەکو شاعیرێکی نوێخواز بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی نووسیوە، کە دواتر هەندێك نموونەی شیعری لەسەر کێشی برگەیی دەخرێتە ڕوو.

| |
|---|
| ئا/خ و/ دا/ خ و / دەرد/، لە/ دەست/ تەن/ یا/ یی |
| پە/ شێ/ وی/ بێ / حەد / ، دەر/ دی /بێ /دوا / یی |
| ئەم/ سەر /سا / می/ یە |
| بێ/ ئا/ را/ می/ یە |
| دڵ/ نا/ کا/ می/ یە |
| کەی/ دێ/ کۆ/ تا/ ی |
| بۆ/ هەر/ کوێ/ ئە/ چم/ پێی/ خ/ راپ/ ت/ رم |
| نا/ سرە/ وێ/ د/ ڵەی/ پڕ/ لە/ ئا/ گ/ رم |
| نە/ لە/ ناو/ گوڵ/ زار |
| نە/ لای/ خز/ م و/ یار |
| نە/ لە/ دەش/ ت و/ شار |
| ئۆ/ قرە/ نا/ گ/ رم...! |
| (ڕازی تەنیایی، ل47) |

ئەم شیعرە لەسەر کێشی پەنجەی پێنج برگەییە کە لەدێڕی یەکەمدا لەناوەڕاست وەستان هەیە، دەیکات بە دوو نیوە دەبێتە دە برگەیی بەشێوەی 5X5 نیوە دێڕەکانی تریش پێنج برگەیی داڕێژراون.

شاعیر لە شیعری (شانزە ساڵ چاوەڕوانی) دا دەڵێت:

| |
|---|
| دوێ/ نێ/ لە/ تەك/ نە/ ما/ نی/ سوو/ را/ یی/ خۆر/ ن/ شی/ نا |
| کە/ شەو/ هێ/ وا/ شی/ با/ ڵی/ کێ/ شا/ بە/ سەر/ زە/ می/ نا |
| تۆ/ ما/ ری/ شان/ زە/ سا/ ڵی/ ژ/ یا/ نی/ خۆ/ شە/ ویس/ تیم |
| ئا/ وا/ تی/ پڕ/ لە/ تا/ سەی/ دە/ روو/ ن و/ گیا/ نی/ بر/ سیم |
| (ڕازی تەنیایی، ل64) |

ئەم شیعرەش بریتی یە لە شەش دێڕ، کە لەسەر کێشی چواردە برگەیی خۆماڵی سەروادار پێکهاتووە.

**2-9- سەروای شیعری**

سەروا لەشیکردنەوەی شیعردا کێش بە فەرزتر دادەنرێت لە سەروا، بەڵام سەرواش بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعر دادەنرێت شان بەشانی کێش ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە دروستکردنی مۆسیقای شیعری، شاعیران بەگشتی (هەوڵیان داوە لەرێگەی یاریکردن بە سەرواسازی و دەنگەکانی سەرواوە مۆسیقای شیعرەکانیان بەهێز و سەرنج ڕاکێش بکەن) (نورالدین، 2016، ل175). سەرواش

بریتی یە لە دووبارە بوونەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك لە دێڕە شیعردا، ئەمەش دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشە لە شیعردا، کە (بەشێوەیەك خۆی پابەند دەکات بۆ ئەوەی جۆرێك لە ڕێکخستن و گونجانی مۆسیقا لەنێوان وشەی دوادێڕەکان دروست بکات)(صلاح، 2005، ل11). واتا شاعیر ئاوازێکی بەهێز بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگانەوە دروست دەکات وادەکات هەست و سۆزی دەروونی بەڕوونی و بێ گرێ دەربرێت هەروەها ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە لەسەر سەروا هەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی کە لەهەر زمانێکدا هەیە. (لەبەر ئەوەی هەرزمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئیتاڵییەکان دەتوانن چاو لەسەروا بپۆشن، بەڵام ئێمەی فەرەنسی زۆر پێویستمان بەوە دەبێت کە هەندێ دەنگی تایبەتی لەهەندێ شوێنی تایبەتی دا دووبارە بکەینەوە، بۆ ئەوەی شیعرو پەخشانەکانمان تێکەڵ بەیەکتری نەبن، کەچی لای ئیتاڵی و ئینگلیزەکان لەکاتی خوێندنەوەی هۆنراوەدا برگەی هێزدارو بێ هێز دیاری دەکرێت، ئەم جۆرە خوێندنەوەش ئاوازی هۆنراوە دەپارێزێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە سەروا هەبێت، ئێمەش لە زمانەکەماندا تایبەتمەندییەکی وامان نیە، جا ئیتر بۆچی سوود لەو دیاردەیە وەرنەگرین کە سروشتی زمانەکەمان پێمانی دەبەخشێت؟) (خانلری، 1978، ل11)، چونکە سەروا وادەکات کەشێکی لەبار بۆ شیعرەکە برەخسێ و مانایەکی جوانترو فراوانتر ببەخشێت، وادەکات بارێکی دەروونی لەبار برەخسێت لەنێوان شاعیر و گوێگر.

لەو پێناسە جیاوازانەی کە بۆ سەروا کراون، عەرەبەکان یەکێك بوون لەو نەتەوانەی کە زۆر گرینگیان بە سەروا داوەو شیعر پێناسە دەکەن بەوەی (قسەیەکی کێش و سەروادارەو واتایەك دەگەیەنێت)( مصطفى، 1963، ل15)، بەپێ ی ئەم پێناسەیە بێت سەروا هاوشانی کێش ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، تەنانەت (ابو نصیر الطوسی) وای بۆدەچێت کە (قافیە دیاردەیەکی تایبەت بە شیعری عەربی یەو میلەتانی تر لە عەرەبیان وەرگرتووە)( خەزنەدار، 1962، ل67)، واتا بوونی سەروا لە شیعردا گرینگە، کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی هەست و سۆزی شاعیر بۆ خوێنەر و گوێگر، شاعیرانی کوردیش زۆر بە لێهاتووانە لەم بوارەدا کاریان کردووەو ئەدەبی کوردیان بەرەو پێش بردووە، چونکە ئەوانیش پێیان وابووە بوونی سەروا لە شیعردا چێژێکی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت بەبەراورد لە شیعرێك کە سەروای پەیڕەو نەکردبێت (هەرچەندە شاعیری ئەمڕۆ سەربەستی یەکی تەواوی بەخۆی داوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کێش و گوێدان و گوێ نەدان بە قافیە) (سابیر، 1976، ل4)، ئەمە جگە لەوەی کە شیعری سەروادار تەمەنێکی درێژتری دەبێت و زیاتر لە زهنی خوێنەر دەمێنێتەوە.

(ئەوانەی دەقی شیعری فۆلکلۆری لەزاری خەلکی یەوە کۆ دەکەنەوە پتر هەست بەو ڕاستی یە دەکەن و دەزانن کە خەڵکی لەگێڕانەوەی شیعردا وشە دەگۆڕن و پاش و پێشیان دەکەن و هەندێ جار هەر بەتەواوی لەبیریشی دەکەن وەلێ زۆر بەدەگمەن وشەی کۆتایی لەبیر دەکەن یان دەسکاری دەکەن و دەیگۆڕن چونکە (سەروا) ی پێوەیە) (ڕۆژبەیانی، 2008، ل115)، بەپێ ی ئەم بۆچوونە زیاتر ئەم دەقە شیعریانە لەسەر زاری خەڵك دەمێننەوە کە سەروادارن، هەروەها لە بۆچونێکی تردا مامۆستا عەزیز گەردی پێ ی وایە: (سەروا بریتی یە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بەتایبەتی لەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعر و هەندێ جار لەناوەوەش دێ) (گەردی، 1999،ل26)، بەپێ ی ئەم بۆچوونەی عەزیز گەردی بێت مەرج نیە سەروا تەنیا لەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعردا دووبارە بێتەوە بەڵکو دەشێ لەناوەوەی دێڕە شیعریشدا هەبێت، هەروەها (کاکەی فەللاح) یش دەڵێت: ((ئەم هونەری وشەی قافیە دۆزینەوەو ڕیزکردنە بەشێکی زۆری بەهرەو سەلیقەو ڕەنج و کاتی شاعیر بۆخۆی بردووەو داگیری کردووە... بەم پێ یە، دوای کێشی کلاسیکی قافیەش تەگەرەیکی زل و تەوقێکی گران بووە لەگەردنی شیعرو شاعیری کورد دا) (کاکەی فەللاح، 1978،ل36)، کەواتە شاعیر بۆ دروستکردنی سەروا پێویستی بە هەڵبژاردن و دۆزینەوەی وشەی سەروادارەو ناچارە بەشوێن وشەدا بگەڕێت بەمەش پێویستی بە فەرهەنگ هەیە بۆ کامل کردنی شیعرەکەو پەیڕەوکردنی سەروا، هەردیش وەك شاعیرێکی نوێ ی لێهاتوو توانیویەتی زۆر بەباشی ئەو پەیامە پەنگ خواردووەی ناخی لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگەکانەوە دەربرێت، سەبارەت بە سەرواش هەردی زیاتر ئەو دەنگانەی بەکارهێناوە بۆ سەروا کە دەنگی ڕەسەنن لە زمانی کوردی داو هیچ گرێ و گۆڵێکیان تێدا نیەو دەنگە باوەکانن، لەخوارەوەش نموونەی ئەو جۆرە سەروایانە دەخرێتە ڕوو.

**9-2-1- سەروای یەکگرتوو:** ئەمجۆرە سەروایە زیاتر لای شاعیرانی کلاسیك پەیڕەوی لێکراوە، کە بریتی یە لەوەی هەموو دێڕەکان بەیەك سەروا کۆتاییان دێ، بۆیە پێ ی دەگوترێت سەروای یەکگرتوو، هەردیش وەکو شاعیرێکی نوێ، ئەمجۆرە سەروایەی بەکارهێناوە، وەك لەم نموونەیەدا:

| |
|---|
| بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (ئەدی دیدە پەری) دەڵێت: |
| ئەی دیدە پەری! بەو دەمە، بەو کوڵمە گوڵینە |
| بۆکەس نیە تا سەر، ئەوەرێ ئەم گوڵی ژینە |

| |
|---|
| تا سەر نیە ئەم نازە، وەها دووری مەبینە |
| ئەو چاوە گەلاوێژە خەڵاتیكە برینە! |
| ئەو زوڵفە كە ئێستا دووتوێی عەنبەری چینە |
| ڕۆژێكی كە دێ ئێكەڵی توێ ی خاكی زەمینە! |
| (ڕازی تەنیایی، ل51) |

وەك ئاشكرایە لەم شیعرەدا شاعیر سەروای یەكگرتووی بەكارهێناوە لە وشەكانی (گوڵینە، ژینە، مەبینە، برینە، چینە، زەمینە) كە دەنگەكانی (ینە) سەروای یەكگرتوویان دروست كردووە.

شاعیر لە شیعرێكی تردا دەڵێت:

| |
|---|
| بەڵێ ئەوسا دڵێكم بوو كەسەرچاوەی ژیانم بوو |
| دڵێ مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو |
| دڵێ گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو |
| وەكو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو |
| لەگەڵ هاوارو گریانی هەژارانا لەشینا بوو |
| لەگەڵ ناڵەی كەساسانە لە خورپەو ڕاچەنینا بوو |
| لەژێر سایەی ئەوینێكا، خەریكی بادەنۆشی بوو |
| دڵێ بوو دارو دیواری هەموو مەستی نیگارێ بوو |
| هەموو سوچێكی دەسكردی بەڵێنی تاقە یارێ بوو |
| (ڕازی تەنیایی، ل59) |

شاعیر لەم شیعرەدا سەروای یەكگرتووی بەكارهێناوە، وەك دەبینرێ كە دێری یەكەمی شیعرەكە یەك سەروای هەیە، دێڕەكانی دواتریشی بەدوای ئەوەوە هەمان سەروایان هەیە، لەهەریەك لە وشەكانی (ژیانم بوو، گیانم بوو، خۆشەویستی بوو، پەرستی بوو، لەشینا بوو، ڕاچەنینا بوو، نۆشی بوو، نیگارێ بوو، یارێ بوو) سەروای یەكگروتوویان پێكهێناوە لە دەنگەكانی (ب، وو).

**9-2-2- جووت سەروا:** ئەم جۆرە سەروایە زیاتر لەلای شاعیرانی نوێ و نوێخواز بەدی دەكرێ، كە بریتی یە لەوەی (هەر هۆنراوەیەك بەتەنها دوای هەردوو نیوە هۆنراوەكەی یەك سەروایان هەبێ) (سجادی، 1967، ل167)، واتا هەردوو نیوە دێڕێك یەك سەروای هاوبەشیان هەبێت، لەهەمان كاتدا هەردێڕێك سەروای تایبەتی خۆی هەیە، شاعیرانی نوێ ئەم جۆرە سەروایە زۆر پەیڕەو دەكەن، بۆ ئەوەی خۆیان لەكۆت و بەندی سەروای یەكگرتوو ڕزگار بكەن و ڕیتمێكی بەهێزتر بەشیعرەكانیان ببەخشن و بوار بۆ دەربڕینی هەستەكانیان زیاتر بكەن، بۆیە (شاعیری نوێ لە پێناو ئازادی ڕا دەربڕین و تازەكردنەوەی شێوەو بەخشینی مۆسیقایەكی خۆشترو هاوچەرخ و بەهەڵدا، ئەو كلێشە كلاسیك و سەپاوەی سەروای گۆڕی) (پیربال، 2006، ل6). هەردیش لە هەڵبژاردنی جووت سەروادا داهێنانی كردووەو دەكرێ بڵێین زۆرینەی شیعرەكانی لەسەر جووت سەروادا ڕشتووە، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

| |
|---|
| بەسەرسامی لەسەر لوتكەی بڵندی گەنجی وەستاوم |
| شریتی عومری ڕابردوو وەكو خەو دێتە بەرچاوم |
| شریتی چی؟ سەراپا سەرگوزەشتەی نائومێدیمە |
| فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە |
| تروسكەی تیا بەدی ناكەم، سەرنجم چەندە لێداوە |
| لەتاپۆی نامرادیم و تەمی ناسۆری بەولاوە |
| ئەوی ئەوساكە ڕووناكی ئەدا بەم ژینە شێواوە |
| دڵێكی پڕ لە ئاهەنگ بوو، كە ئێستا پاكی ڕووخاوە |
| (ڕازی تەنیایی، ل58) |

وەك دەبینرێت شاعیر لەم شیعرەدا جووت سەروای بەكارهێناوە، كە هەردێڕێك سەروای تایبەت بەخۆی هەیە، قاڵبی ڕیزبوونی سەرواكانیش بەشێوەی (AA, BB, CC)، ئەمەش هەڵبژاردن و دیاردەیەكی تایبەتی شێوازی شاعیرە، كە بەشی هەرەزۆری شیعرەكانی بەشێوەی جووت سەروا داڕشتووە، ئەمەش بەهرەو دەسەڵاتی شاعیر دەردەخات.

لەنموونەیەكی تردا شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| وەكو چۆن نەونەمامێ، گەردەلول ئەیبات و ئەیهێنێ |
| لەشم موچركی دڵداری وەها ناخی ئەبزوێنێ |
| ئەگەرچی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە |
| لە ئەندام و لەش و لاری بڵند و ڕێكی ئاڵاوە |
| بەڵام كاتێ كە با چمكی عەباكەی لا ئەدا تاوێ |
| ئەڕێژێ پووزی نایابی لە سیحری خوایی لافاوێ |
| (ڕازی تەنیایی، ل77-78) |

ئەم شیعرەش لەسەر جووت سەروا بنیادنراوە كە جوانیەكی زیاتری بە شیعرەكە بەخشیوە، لەڕووی كێشەوەش ڕیتمێكی بەهێزی بەخشیوە، قالبی سەرواكانیش بەشێوەی (AA, BB, CC) ڕیزكراون لە دەنگەكانی (ێنێ، اوە، اوێ) جووت سەروای شیعرەكەی پێكهێناوە.

**3-2-9- سەروای ڕەنگاو ڕەنگ:** مەبەست لەم جۆرە سەروایە بوونی سەروای جۆراو جۆرە لە هۆنراوەیەكدا، واتا دێڕە شیعرێك چەند سەروایەكی جیاوازی هەبێت، هەمەڕەنگی سەرواش هەمەڕەنگی بە ڕیتمی دەرەوە دەبەخشێت، بەمەش چێژی شیعرەكە زیاتر دەبێت، ئەمەش وادەكات كاریگەرییەكەی لەسەر خوێنەر یان گوێگر بەهێزتر بێت، هەردیش لە بەكارهێنان و هەڵبژاردن و سەروای ڕەنگاو رەنگ دا جێ ی دەستی دیارە، چونكە ئەم جۆرە سەروایە بوار لەبەردەم شاعیر فراوانتر دەكات بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆكە شیعری و بابەتەی كە دەیەوێ دەری ببڕێ، وای كردووە پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان دێرە شیعرەكاندا هەستی پێ بكرێت، بەجۆرێك بە لابردنی تەنها نیوە دێڕێكیش ڕەنگە مانای شیعرەكە تێكچێت، جا لەبەر ئەوەی هەردیش (قوتابخانەیەكی تایبەتی یە لە شیعری كوردی دا و شوێن دەستی لە هەڵبەستەكانی دا دیارە) (هەردی، 1984، ل95)، لە شیعرەكانی دا نا ئومێدی و پەشیمانی نیشانەی دەروونە پرگرەكەی ئەون و بۆیە ڕەچاوی هەڵبژاردنی سەروای ڕەنگاو ڕەنگی كردووە، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەكەوێت:

| |
|---|
| لەدەست شار هەڵدێم ، ئەچمە ناو گوڵزار |
| لەوێش هەڵناكەم ، دێمەوە ناو شار! |
| وەك ئارام نەماو |
| دڵ و پێ سوتاو |
| خانەی خەو ڕووخاو |
| لەدنیا بێزار.....! |
| (ڕازی تەنیایی، ل47) |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شیعرە دەردەكەوێت، كە شاعیر سەروای ڕەنگاو ڕەنگی بەكارهێناوە لە وشەكانی (گوڵزار، شار، نەماو، سوتاو)، قاڵبی ڕیزبوونی سەرواكانیش بەشێوەی (AA, BB, BA).

| |
|---|
| شاعیر لە نموونەیەكی تردا دەڵێت: |
| بای ئەجەل هات و لەناكاو دەفتەری ژینی دڕیم |
| تاكو دوێنێ خونچە بووم ئەمڕۆ بەناحەق هەڵوەریم |
| وەك بروسكە نەونەمامێ داڕنێ، وەختی چرۆ |
| هات و گوللەی وێڵ لەناكاو بێ گوناه جەرگی بڕیم |
| (ڕازی تەنیایی، ل90) |

شاعیر لەم شیعرەدا سەروای ڕەنگاو ڕەنگی بەكارهێناوە بەشێوەی (AA, BA) ئەم سەروای ڕەنگاو ڕەنگەش لە هەریەك لە دەنگەكانی (ریم ریم ، رۆ ریم) دروست بووە.

**9-3-  ووشەی سەروا**

ئەو ووشانەن، کەلە کۆتایی دێڕە شعردا دێن ولە دەنگێک یان چەند دەنگێکدا هاوبەشن، بەڵام نابێت بەهەمان مانا دووبارە بێتەوە چونکە ئەگەر بە هەمان مانا دووبارە بێتەوە ئەوا ووشەی پێش ئەو دەبێتە ووشەی سەروا، هەردیش وەک شاعیرێکی پڕ هەست لە هەڵبژاردنی ووشەو سەروادا دەستێکی باڵای هەبوە، هەر وەک (کەریم شارەزا) لەبارەی هەردیەوە دەڵێت:((هەردی شاعیرێکی شعر ناسکە، زۆربەی شعرەکانی لە ڕێبازی شعری ڕۆمانسی کوردیدا دەدۆزرێتەوە، بە سۆزی ناسک و ئەندێشەی قوڵی لەووشەی جوان و ئاوازەدارو دەربڕینی نوێ، شعری جوان و پتەومان بۆ دەهۆنێتەوە))( شارەزا،1989،ل41)، بۆیە هەردی لەشعری کوردیدا بە گشتی و بەتایبەت لە هەڵبژاردنی شێوازی ڕێبازی ڕۆمانسی کوردی یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی کورد هەروەک د. مارف خەزنەدار دەڵێت:((شعری نوێ ی کوردی سەرەتا لە گۆرانەوە دەست پێدەکات، بەڵام هەردی دەستە ڕاستیەتی))(هەردی، 1957، ل5)، واتە لەدوای گۆران هەردی بە ڕابەرو نوێکردنەوەی شعری کوردی دادەنرێت، کەهەرچەندە(دابەشبوونی سەروا لە هۆنراوەدا، بە پێی زمان و چێژی ئەدەبی و داهێنانی شاعیرانەوە دەگۆڕێ)( گەردی، 1999، ل353).

کەواتە هەردی لە پەیڕەو کردنی لایەنی هونەری سەروادا زۆر بە ڕێکخراوی و پتەوی بیرو هەستەکانی گواستۆتەوە، ئەمەش مۆسیقای دەرەوەی شعرەکەی بەهێزتر کردوەو خۆشی بە خوێنەر یان گوێگر دەبەخشێت وەک لەم نموونە شعریەدا دەڵێت:-

| |
|---|
| ئەمر دڵەی وەک بت پەرستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکەت |
| نوێژ ئەکا بۆ تیشکی چاو و زولفە تێک ئاڵاوەکەت |
| گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرەو پێڵاوەکەت |
| قەت بە دڵڕەق باست ناکەمر نایزڕێنمر ناوەکەت |
| چونکە ئەیزانمر تەلاری یارە خواپێداوەکەت |
| مەستی کردووی بۆیە نابینێ لە عاستمر چاوەکەت |
| (ڕازی تەنیایی، ل70) |

وەک لەم شعرەدا دیارە کە ووشەکانی (چاوەکەت، ئاڵاوەکەت، پێڵاوەکەت، ناوەکەت، پێداوەکەت) بەهۆی دەنگەکانی (ە کەت) بونەتە ووشەی سەروا، چونکە لە کۆتایی نیوە دێڕدا هاتوون و بە لابردنیان سەروای شعرەکە تێک دەچیت، وەک ئاشکراشە، کە سەروا بە ڕوکنێکی سەرەکی دادەنرێت ، کەلەگەڵ کێش مۆسیقای دەرەوەی شعر تەواو دەکەن، شاعیر لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:-

| |
|---|
| وێڵمر و تاریکە دەورمر فەرشی ڕێگەمر مەینەتە |
| بە کەسمر، تەنیا ئەناڵمر، مەرگی خۆممر عەزرەتە |
| سازی ئاهەنگی شەوانمر، سۆزی جەرگی لەت لەتە |
| یاوەرو یاری ئەنیسمر ئاه و ئەشکی حەسرەتە |
| (ڕازی تەنیایی، ل66) |

لەم کۆپلە شعریەدا هەر یەک لە ووشەکانی( مەینەتە، عەزرەتە، لەت لەتە، حەسرەتە) ووشەی سەروان لەدەنگەکانی(ە، تە)، کە بەهەمان مانا دوبارە نەبونەتەوەو ئەمەش وای کردووە، ڕیتمر و ئاوازێکی بەهێز لە شعرەکەدا هەستی پێ بکرێت.

**9-4-  پاش سەروا:-**

ئەو وشەیەیە یان ئەو دەستەواژەیە، کەدەکەوێتە دوای وشەی سەروا، بەڵام بەپێچەوانەی ووشەی سەروا بەهەمان ماناو مەبەست دووبارە دەبێتەوە، کەواتە(پاش سەروا بریتی یە لە ووشەیەک یان ڕستەیەک لە دوای هەموودێڕە شعرێک دا وەک خۆی دوبارە دەکرێتەوە، بەمەرجێک پێش ئەو قافیەی دووەمە دیسانەوە دێڕە شعرەکان قافیەی تایبەتی خۆیان هەبێت)( خەزنەدار، 1962، ل59)، ئەمەش وادەکات ڕیتمی دەرەوەی شعرەکەی بەهێزتر بێت، چونکە، هەر خۆی پاش سەروا ڕیتمی سەروا بەهێزتر دەکات، ئەمیش لەبەر ئەو دووبارە بوونەوەیەی هاوشانی ووشەی سەروا.

پاش سەروا (ڕەدیف) یشی پێ دەگوترێت، کەعزیز گەردی پێی وایە(پاش سەروا بۆی هەیە ووشەیەک بێ یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک بێ یان زیاتر لە ڕستەیەک بێ)(گەردی ، 2014، ل278)، هەروەها پاش سەروا دەکرێ(قەفیەی دووەمی پێ بڵێن و بریتی یە لە ووشەیەک، یاخود ڕستەیەک لەدوای هەموودێڕەشعرێکدا وەکو خۆی دووبارە ئەکرێتەوە)( گەردی، 2018، ل202)، کەواتە پاش سەروا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت شان بەشانی کێش لە ڕیتمی دەرەوەی شعردا و ئەرکی بەهێزکردنی

ڕیتمی سەرواى شیعرەکەیە، کەواتە دەکرێت پوختەی بۆچوونەکان لەوەدا کۆبکرێتەوە، کە (دیاردەیەکی دووبارەکراوەی دەنگی یەو بەشێك لە ترپەی دەقی شیعری پێکدێنێ) (تۆفیق، 2008، ل17)، پاش سەرواش لای شاعیران بەگشتی زۆر بەکارهاتووە، هەردیش بە شاعیرێکی کاریگەر دادەنرێت لە شیعری نوێ ی کوردی و کە لە ژمارەیەکی زۆری شیعرەکانی پاش سەرواى بەکارهێناوە، کە توانیویەتی لە پاش سەروا شان بەشانی سەروا ئەرکی بەیەکەوە بەستنەوەی دێرەکان ڕێکبخات و جوانکارییەکی وشەیی بە هەڵبژاردنی فۆڕمی دەرەوەی شیعرەکان ببەخشێت، جەختیش لەواتا بکاتەوە، هەروەها هەردی توانیویەتی گونجان و تەبایی دروست بکات لە هەڵبژاردنی وشەکانی دێڕە شیعرو پاش سەروادا وەك لەم نموونە شیعریەدا دەڵێت:

| |
|---|
| قەد نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو |
| خۆت نەخەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو |
| ئەی کچی خواوەندی جوانی و ئەی چرای دیوانی شەو |
| خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو |
| نەك خوا ناکەردە گیرابێ دوعای ناڵانی شەو |
| (ڕازی تەنیایی، ل67) |

ئەگەر سەرنج بدرێتە ئەم کۆپلە شیعرە ئەوا دەزانرێت، کە وشەکانی (شەو) لەهەر نیوەدێڕێکدا بەهەمان واتا دووبارە بۆتەوەو وشەی پاش سەروان، لەدوای وشە سەرواکانی (بێداران، بێ پایان، دیوان، برینداران، ناڵان) ەوە هاتوون و بوون بە پاش سەروا، ئەرکی تەواوکردنی واتای دێڕە شیعرەکانیان لەئەستۆ گرتووەو باڵانسی شیعرەکەی ڕاگرتووە، ئەمەش یەکێکی ترە لە هەڵبژاردنی سیما تایبەتیەکانی هەردی کە پاش سەروایە.

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

| |
|---|
| ڕەنگە لات وابێ کە گوایە یارەکەت مارەت ئەکا |
| یا بە کەیبانووی تەلاری بەرزی ئەم شارەت ئەکا |
| ئەم خەیاڵەت خاوە، تووشی داوی ئەو مارەت ئەکا |
| چونکە وەك گورگێکە مەیلی ئەو لەش و لارەت ئەکا |
| (ڕازی تەنیایی، ل70-71) |

لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت هەریەك لە وشەکانی (ئەکا) وشەی پاش سەروان، چونکە بەهەمان ماناو مەبەست دووبارە بوونەتەوە، لەدوای وشە سەروادارەکانی (مارەت، شارەت، مارەت، لارەت) لەڕێگەی دەنگەکانی (ا، ر، ە، ت) سەرواى یەکگرتوویان بە شیعرەکە بەخشیوە، ئەویش هێزو تواناو دەست ڕەنگینی شاعیری دەرخستووە، کە ڕیتمێکی بەهێزی بەسەرواى دەرەوەو ناوەوە بەخشیوە.

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر کێش و سەرواى وەك بنەمایەکی گرینگ بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ڕیتمی دەرەوەی شیعرەکانی زۆر شارەزاو وەستایانە بەکاری هێناون، ئەمەش بەهرەو لێهاتوویی شاعیر نیشان دەداو، لە هەڵبژاردنی تواناکانی بەسەر شیعردا، چونکە هەردی ئەزموونێکی دوورو قوڵی لەو مەیدانەدا هەبووە.

**ئەنجام**

1- هەڵبژاردن لە زمانی شیعردا کاریگەرییەکی گرینگی هەیە لە سەرکەوتوویی شیعرەکەدا، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنی زمانی شیعرەش لای هەردی وای کردووە سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

2- ئەگەر هەڵبژاردن ئەوەندە پرۆسەیەکی گرینگ بێت بۆ شیعر ئەوا ئەوەندەش گرینگە بۆ گەشەسەندن و داهێنان، کە وادەکات هەست و سۆز و بیرێکی قوڵ و فۆڕمێکی جیاواز بنەخشێنێت.

3- هەردی زۆر هونەرمەندانە توانیویەتی هەڵبژاردنی زمانی شیعری ئەنجام بدات لەڕووی دەنگ و وشەو دەستەواژەو کێش و سەرواوە، جگە لەوە ڕۆشنبیری شاعیر هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی وشەو دەستەواژەی نوێ بهێنێتە نێو بواری شیعری و فەرهەنگی زمانەکەی پێ دەوڵەمەندتر بکات.

4- هەردی لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە شێوازی خۆی دیاریکردووەو خۆی جیاکردۆتەوە لەگەڵ شێوازی شاعیرانی تر، کە شێوازەکەی هەڵچوونێکی دەروونی و، ئاوازێکی گریاناوی و، ڕەشبینی و نائومێدی بە وشەو دەربڕین و زمان و مۆسیقای کێشدار جیهانێکی سیحراوی ڕۆمانسی بۆخی دیاریکردووە.

5- هەردی لەتەمەنێکی گەنجی دا تووشی ڕەشبینی و نائومێدی بووە بەهۆی هەرەسهێنانی لەخۆشەویستی دا، کە شیعرەکانی ئەزموونی عەشقێکی ناکامن، کەواتە شاعیر بە مەبەست وشەو دەستەواژەکانی هەڵبژاردوون، کە باس لە سەردەمێکی هەرزەکارانە دەکات، کە شەیدای ئاواز و شیعری ڕۆمانسی بووە، شیعرەکانی بەشێوەی گێڕانەوەی ئەزموونی دڵشکانی گەنجێکی بێ هیوایە، ئەمیش بەهۆی گرینگی پێدانیەتی بە هونەری شیعری ڕۆمانسی و، کە لەدەوری بێ ئومێدی و تەنیایی دەخولێتەوە.

6- هەردی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە توانیویەتی جیهانێکی پڕ لە جوانی و تاسە دروست بکات، زۆر بە لێهاتووانە هەڵبژاردن بۆ شیعرەکانی ئەنجام بدات، بەتایبەت لە ڕیتمی دەرەوەدا بەبەکارهێنانی زۆربەی جۆرەکانی سەرواو لە هەڵبژاردنی کێشیشدا ئەو کێشانەی، کە لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردی دا زیاتر گونجاو و لەبارن، وە ڕیتمێکی خاو دەدەن بە شیعرەکانی.

7- بەهای شیعرەکانی هەردی لە واتاو مەبەستی ناوەڕۆکیەوە دیارە کە هەندێ جار مەبەستی شین و لاواندنەوە نیشان دەدەن، هەندێ جاریش مەبەستی داشۆرین و گلەیی نیشان دەدەن، یانیش مەبەستی پیاهەڵدان و ستایش کردن نیشان دەدەن لەگەڵ ئەوپەڕی هەڵبژاردنی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی سادەو ساکار، کە خوێنەر لە هەر ئاستێکدابێ لێ ی تێبگات.

8- لەڕووی هەڵبژاردنی فەرهەنگی زمانەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی شیرینی کوردی پەتی لای هەردی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە بەبەراورد لەگەڵ هاوسەردەمەکانی و سەردەمی پێشخۆشی، واتا خۆی پاراستووە لە هەڵبژاردنی زمانی بێگانە.

**سەرچاوەکان**

- **بە زمانی کوردی**
- **کتێب**


- ابراهیم، محمد عبدالکریم. (2012). پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ وە (ئەزموونی شاعیرانی هەشتایەکانی هەولێر وەك نموونە). چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی موکریانی.
- مستەفا، ادریس عبداللە. (2010). شێواز و شێوازگەری. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- اسماعیل، ارسلان بایز. (2004). سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین (2002-2003). سلێمانی: دەزگای سەردەم.
- ئەحمەد، پەخشان عەلی. (2009). شێوازی شیعری گۆران. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
- بکر، محمد. (2004). لۆجیکی زمانی شیعری. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- بکر، محمد. (2005). کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- بودوخە، مسعود. (2021). شێوازناسی و تایبەتمەندی یەکانی زمانی شیعریەت. وەرگێڕانی: صافیە محمد احمد، چاپی یەکەم.
- بیمار، عبدالرزاق. (1992). کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی. چاپی یەکەم، بەغداد: چاپخانەی (دار الحریة).
- پیرباڵ، فەرهاد. (2006). شیعری نوێ ی کوردی (9:29-69:2). هەولێر: دەزگای کوردستان.
- چالی، شعبان. (2008). شێوازی شیعری جزیری. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- حسێن، جبار احمد. (2008). ئیستاتیکای دەق لە شیعری کوردی-کوردستانی عیراق (1970-1995). چاپی یەکەم، سلێمانی : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- حسین، هیمداد. (2007). دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. هەولێر: دەزگای موکریانی.
- خۆشناو، نەریمان عبداللە. (2007). چەند بابەتێکی زمانەوانی. چاپی یەکەم، کەرکوك: چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی).
- خەزنەدار، د. مارف. (1962). کێش و قافیە لە شیعری کوردی دا. بەغداد: چاپخانەی الوفاء.
- دەشتی، عوسمان. (2012). لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعری. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- رشید، سلیم. (2012). شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێ ی کوردی دا. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ڕۆژبەیانی، زاهیر. (2008). شیعریەت لە دەرەوەی شیعر. چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- سجادی، علائەدین. (1967). ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی. بەغداد: چاپخانەی معارف.
- سعید، ناز احمد. (2017). دەنگی (مستەفا بەگی کوردی) لەشیعری کلاسیکی کوردی دا. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
- صالح، سلیم رشید. (2005). شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردی دا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- عبداللە، ادریس. (2021). شیوازناسی زمان. چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
- عزالدین، گۆران سۆران. (2007). باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر(2:46-2:69). هەولێر: دەزگای ئاراس.
- عزیز، هیوا نورالدین. (2016). عەروز ناسیی (شیعری کلاسیکی کوردی). چاپی یەکەم، هەولیر: زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی مەخمور.
- عەلی، دڵشاد. (1998). بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردی دا. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

- قەرەداغی، عەتا. (2001). گەڕان بەدوای ناسنامەدا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- كاك ئەمین، حسین غازی. (2008). نوێكردنەوەی شیعری كوردی لەساڵی 1932 تا كۆتایی 1949 لەكوردستانی عیراق دا، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- كاكەی فەللاح، حمە حمە امین قادر. (1978). كاروانی شیعری نوێ ی كوردی. بغداد: چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد.
- كاكەی فەللاح، حمە حمە امین قادر. (1980). كاروانی شیعری نوێ ی كوردی. چاپی دووەم، بغداد: چاپخانەی حسام.
- گەردی، ژوان عبدولسەلام عزیز. (2018). شێواز لە شیعرەكانی كامەران موكری لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزر). چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- گەردی، عزیز. (1999). سەروا. چاپی یەكەم، هەولێر: دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.
- گەردی، عەزیز. (2014). كێش ناسی كوردی. چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانەی نارین.
- مەلازادە، ڕێبوار محمد. (2019). شێوازناسی لە ئەدەبدا. چاپی یەكەم، هەولێر: دەزگای ئاوێر.
- مەلازادە، ڕێبوار محمد. (2021). زانستی دەق لە ئەدەبدا. چاپی یەكەم، هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.
- هەردی، ئەحمەد. (1957). ڕازی تەنیایی. بەغداد: چاپخانەی شەفەق.
- هەردی، ئەحمەد. (1984). ڕازی تەنیایی. چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین.

## - گۆڤارو ڕۆژنامە

- ئەمین، وریا عمر. (1990). شەپۆلەكانی شیعری كوردی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 126.
- بكر، فوئاد رشید. (2005). فەرهەنگی فوئاد. چاپی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی كاردۆ.
- حسن، حمە سعید. (1997). هەردی نوێ خوازێكی سەردەمی كۆن. گۆڤاری ڕامان، ژمارە 15. هەولێر.
- رسول، عزالدین مصطفی. (1967). پڕۆژەیەك بۆ لێكۆڵینەوەی ئەدەبیاتی كوردی. ڕۆژنامەی برایی، بەشە كوردی یەكەی التأخی، بەشی دووەم، ژمارە 36.
- سابیر، رفیق. (1976). كێش لەشیعری نوێ ی كوردی دا. بەشی دووەم، ڕۆژنامەی بیری نوێ، ژمارە 201.
- سعید، نوزاد احمد. (1999). شێواز چی یە؟. گۆڤاری ڕامان، ژمارە 38. هەولێر.
- شارەزا، كەریم. (1989). وشەی شیعری لە هۆنراوەی كوردی دا. گۆڤاری بەیان، ژمارە 155.
- شریف، محمد. (1391هـ). فرهنگ ادبیات فارسی. چاپی پێنجەم، تهران: فرهنگ نشو.
- عارف، حمە كریم. (2006) فەرهەنگی (گۆشەند، زنار). چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- فؤاد، احسان (1972). دوو كێشی عەروزی لە شیعری كوردی دا. گۆڤاری كۆلیجی ئەدەبیات، ژمارە 15.
- كریم، ڕزگار. (2015). فەرهەنگی ژیر. دەزگای چاپ و نەشری ئیحسان.؟.
- گۆران. (1971). هەڵبەست- كێش و قافیە. ڕۆژنامەی ژین، ژمارە 17، ساڵی یەكەم.فەرهەنگەكان:
- موكریانی، گیو. (2002). مهاباد. چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانەی كوردستان.
- موكریانی، هەژار. (1391هـ). هەنبانە بۆرینە. چاپی هەشتەم، تهران: چاپخانەی سروش.
- هەردی، ئەحمەد. (1971). كێش لە شیعری كوردی دا. گۆڤاری برایەتی، ژمارە 10.

## - نامەی ماستەرو دكتۆرا

- ئەحمەد، هێمن عومەر. (2008). چەند لایەنێكی شیعریەت لە كۆ چیرۆكی (نامەكانی ژاكۆن) ی (جەبار جمال غریب) دا. نامەی ماستەر، هەولێر: زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی زمان.
- تۆفیق، ئاڤان عەلی میرزا. (2008). چنینی دەق لە شیعرەكانی نالی دا. نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی.
- صالح، ئاوارە كمال. (2019). شێواز لە ڕۆمانی كوردی دا (ڕۆمانەكانی كاروان عومەر كاكە سور) بەنموونە. هەولێر: كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین.
- عبدالله، عبدولسەلام نەجمەدین. (2007). شیكردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە. نامەی ماستەر، هەولیر: زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی زمان.
- عزیز، طلعت محمد. (2016). (شێواز لە چیرۆكەكانی عەتا نهای) دا كۆمەڵە چیرۆكی زریكە بە نموونە. نامەی ماستەر، هەولێر: زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی پەروەردە.
- گەردی، عزیز. (1994). كێشی شیعری كلاسیكی كوردی و بەراوردكردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و كێشی شیعری فارسی. نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی ئاداب.
- محمد، عزالدین صابر. (2015). شێوازی هۆنراوەكانی شێخ نوری شێخ صالح. نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

- **به زمانی عەرەبی**

- ادونیس. (1986). الثابت والمتحول (3-صدمه الحداثة) ط5. دار الفکر للطباعة والنشر والتوزیع.
- خانلری، برویز ناتل. (1978). اوزان الشعر الفارسی، ترجمه وتعلیق: د. محمد نورالدین عبدالمنعم. مکتبة الانجلو المصریة.
- خلوصی، د. صفاء (1977). فن التقطیع الشعری والقافیة. بغداد.
- درویش، احمد. دراسة الاسلوب بین المعاصرة والتراث. قاهرة: دار غریب. (د.ت).
- ساندریس، فیلی. (2003). نحو نظریة الاسلوبیة لسانیة، ت: د. خالد محمود. دمشق، دار الفکر.
- سعید، شاهو. (1999). دلالات، البناء الایقاعی فی الشعر اطروحة ماجستیر. جامعة سلیمانیة.
- صلاح، د. شعبان. (2005). موسیقی الشعر بین الاتباع والابداع. القاهره، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع.
- فضل، صلاح. (1998). علم الاسلوب مبادئه واجراءاته. ط1، بیروت: دار الافاق الجدیدة.
- المسدی، د. عبدالسلام. (1993). الاسلوب والاسلوبیة. الطبعة الرابعة، کویت: دار سعاد الصباح.
- مصطفی، کمال. (1963). نقد الشعر (لابی الفرج قدامة بن جعفر)، تحقیق، مکتبة خانجی بمصر و مکتبة المثنی ببغداد.
- نحوی، عدنان علی رضا. (1999). الاسلوب والاسلوبیة، بین العلمانیة والادب الملتزم بالاسلام. ط1، ریاض.
- هاف، غراهام. (1985). الاسلوب والاسلوبیة، ت: د. کاظم سعد الدین. بغداد، دار الافاق عربیة.
- الوافی، د.عثمان. (1984). فی نظریة الادب. مصر: اسکندریة، دار المعرفة الجامعیة.
- ویلك، رینیة، وارین، اوستن. (1987). نظریة الادب. ت. محی الدین صبحی، بیروت: المؤسسة العربیة للطباعة والنشر.

- **بەزمانی فارسی**

- شمیسا، سیروش. (1378هـ). سبك شناسی شعر. انتشارات نردوس، تهران: چاپ 4

**الاختيار كظاهرة أسلوبية من الوزن والقافية في شعر أحمد هردي**

**استاذ دكتور نوزاد وقاص**
قسم اللغة الكردية - كلية التربية / جامعة صلاح الدين - اربيل
nawzad.saeed@su.edu.krd

**لنجه كريم فتاح**
قسم اللغة الكردية - كلية التربية / جامعة صلاح الدين - اربيل
Lanjakareem1990@gmail.com

**ملخص**

بسبب ان الشعراء الجدد يتمتعون بمستوى عالٍ من الثقافة وعاشوا واقع مجتمعهم، كانوا على دراية بكل التغيرات والتأثيرات التي حدثت في عالم الأدب بشكل العام والشعر بالشكل الخاص، لذلك ،الشعراء بشكل عام وهردي بشكل خاص اهتم بمجال الاختيار كعملية جديدة في لغة الشعر، وهذا يمنح القارئ مزيدًا من المتعة ، والتي تشمل اختيار الأدوات اللغوية والأصوات والكلمات والعبارات والجمل، بالإضافة إلى اختيار الموضوع والمحتوى والصور وما إلى ذلك ، هردي كشاعر موهوب تمكن من إجراء العملية الاختيار البذكاء في موضوع الحب وسير على طرق المدرسة الرومانسية الكردية، هردي كشخص متمرس كان لديه أهداف في تقديم أعماله للقراء، ليومنا هذا قصائده لقد نجوا في اذهان الناس، حتى أن معظم قصائده تُرجمت إلى أغانٍ، لأنه كان لديه روح فنية عالية في اختيار الإيقاعات الداخلية والخارجية.

**الكلمات المفتاحية:** الاختيار ، الأسلوب ، اللغة الشعرية ، القياس والقافية ، الإيقاع الشعري.

**Choice as a stylistic phenomenon of meter and rhyme in the poetry of Ahmad Hardi**

**Nawzad Waqas SAEED**
Kurdish Language Department, College of Education, Salahaddin University-Erbil
nawzad.saeed@su.edu.krd

**Lanja Kareem Fattah**
Kurdish Language Department, College of Education, Salahaddin University-Erbil
Lanjakareem1990@gmail.com

## Abstract

Because the new poets had a high level of culture and lived in the reality of their society, they were aware of all the changes and influences that took place in the world of literature in general and poetry in particular, so they pushed poets in general and Hardi in particular. Interest in the field of selection as a new process in the language of poetry, which gives the reader more pleasure, including the choice of language, sounds, words, phrases, sentences, as well as the choice of subject, content, images, etc. Hardi as a talented poet who managed to make the process intelligent selection in the subject of love and walked the paths of the Kurdish romantic school, Hardi as an experienced person who had goals in Presenting his works to readers, to this day his poems have survived in people's minds, so that most of his poems were translated into songs, because he had a high artistic spirit in choosing internal and external rhythms.

**Keywords**: Choice, style, poetic language, meter and rhyme, poetic rhythm.